گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
https://doi.org/10.26750/rv28fa08
ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٥/٠٥/٢٤
ڕێكەوتی پەسەندكردن: ٢٠٢٥/٠٧/٢٤
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: ٢٠٢٥/١٢/٢٩

# شیکاریی پانتیۆن لە بیروباوەڕی ئاینی خورییەکان

**ئاری عەبدوڵلا عەزیز[١] - ئەردەلان خۆشناو[2]**
ary.azeez@su.edu.krd ardalan.hasan@su.edu.krd
[١]بەشی شوێنەوار، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
[٢]بەشی مێژو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**
خورییەکان یەکێک لە نەتەوە دێرینەکانی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆنن، گەلێکی خاوەن شارستانی و کاریگەرییان بەسەر ناوچەیەکی بەرفراوان هەبوە، لایەنی ئاینی خورییەکان بنەمایەکی بنەڕەتی بۆ تێگەیشتن لەم نەتەوەیە پێکدەهێنێت. لەو توێژینەوەدا، بیروباوەڕی ئاینی بەگشتی و پانتیۆنی خورییەکان بەتایبەتی لێکۆڵینەوە لەبارەیەوە کراوە. شیکاری سیستەمی بیروباوەڕی ئاینی پۆلیتیزم – Polytheism کراوە کە فرەپەرستی دەرگا بەڕوی پانتیۆنەکی فراوانی خوداوەندانی پێگە جیاواز دەکاتەوە، لەو دەروازەوە وردەکاری تایبەتمەندی خوداوەندەکانی خوری خراوەتە بەرباس، هاوکات گرنگی ڕۆڵی ئەفسانە لە تێگەیشتن لە پانتیۆنی خوری ڕونکراوەتەوە. پێشەکی توێژینەوەکە وەک دەروازەیەک بۆ چونە نێو مێژوی بیروباوەڕی ئاینی خورییەکان دارێژراوە، لە کۆتایی توێژینەوەکەدا، گرنگترین دەرئەنجام خراوەتەڕو.
بنەما و چوارچێوەی کاری توێژینەوەکە لە سەر شیکاری بیروباوەڕی ئاینی و پانتیۆنی خورییەکان دامەزراوە. وەک لە سەرەوە ئاماژەی بۆ کرا، خورییەکان بە یەکێک لە نەتەوە دێرین و کاریگەرەکانی کوردستان دادەنرێن، چەندین لایەنی گرنگیان وەک (ئاین، زمان، جوگرافیای نیشتەجێبون، ئابوری، شوێنەواوەکانیان)، کەچی وەک پێویست لەلایەن ناوەندە ئەکادیمیەکانی کوردستان کار و لێکۆڵینەوەی مێژویی و شوێنەواریان بۆ نەکراوە. ئەم هەوڵە بەشێکە بۆ خستنەڕوی لایەنێکی گرنگی مێژوی ئەو نەتەوە دێرینە.
لەلایەکی دیکەدا، بیروباوەڕ و پانتیۆنی خورییەکان باڵکێشترین لایەنی شارستانی ئەو نەتەوەیە، کە بە شێوەیەک ئاڵوز و پڕ وردەکارییە، بۆتە جێگەی مشتومڕی ناوەندە ئەکادیمیەکان. واتە ئەگەر پۆلێنی کارکردن لەسەر (هوریتۆلۆژی - Hurritology) بکەین، دەبینین کە لایەنی ئاینی پڕبایەخترین بواری لێکۆڵینەوەی زانستییە، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە و شیکاری بیروباوەڕی ئاینی، پانتیۆن و میتۆلۆژیاکەیان باشتر لە کاریگەری و پێگەی خورییەکان لە ناوچەکە تێدەگەین.
**کلیلەوشەکان:** خورییەکان، پانتێۆن، بیروباوەڕی ئاینی، ئەفسانە.

# A Pantheon Study of Hurrians Religious Beliefs

Ary Abdullah Azeez[1] - Ardalan Khwshnaw[2]

[1]Department of Archaeology, College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

[2] Department of History, College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

The Hurrians were one of the oldest nations in Kurdistan and the ancient Near East. They had a highly developed civilization and their influence stretched over a vast area. The religious dimension of the Hurrians form a basic element in understanding these people. In this study research has been made of their religious beliefs in general and the Hurrian pantheon in particular.

Details on the Hurrian pantheon are presented and an analysis of the structure of the Hurrian religious system has been done. Investigations have been done of the distinctive features of the pantheon deities. At the same time, the importance of mythology has been clarified in understanding the Hurrian pantheon. The introduction of the study serves as a gateway to the history of the Hurrian beliefs. In the conclusion of the research the most important findings are presented.

The foundation and framework of the study is built around the analysis of the Hurrians religious belief and their pantheon. As mentioned earlier the Hurrians are considered as one of the oldest and most influential nations in Kurdistan which have several hidden aspects, yet academic centers in Kurdistan have not done enough research in their history and archelogy. This attempt is a contribution to shedding light on one aspect of the importance of the history of this ancient nation.


The Hurrian beliefs and pantheon make the most attractive dimension of these people’s civilization which is so complex and detailed has become a subject of discussion among academic centers.

**Keywords**: Hurrians, Pantheon, Religious Beliefs, Mythology.

## پێشەکی:

ئاین و بیروباوەڕی ئاینی بەشێوەیەکی فراوان لەناو کۆمەڵگا و شارستانیەتە جۆراوجۆرەکاندا بڵاوبونەتەوە و ڕەگیان داکوتاوە، مێژوییەکی دێرینیان لەناو مێژوی نەتەوەکان و گەلەکاندا دروستکردوە، پانتاییەکی زۆر فراوانیان لە بیرکردنەوەی کەسەکان، چ وەک گروپ و کۆمەڵ و چ وەک تاک بەخۆوە قۆرخکردوە، مەراسیم و هەڵسوکەوتی دیاریکراو و جیاوازیان پێبەخشیون. ئاینەکان لە ئاستی مێژوی جیهاندا، چ ئەوانەی سەردەمیان بەسەرچوە و پوکاونەتەوە، چ ئەوانەی کە توانیوایانە درێژە بەخۆیان بدەن، یەک جۆر نین و لە ڕوی پێکهاتەوەش فرەجۆرن. ئاینەکان لەلایەنی بڕوابون و لێکدانەوە

و دیاریکردنی پیرۆزی و ناپیرۆزی و لەلایەنی بڕوابون بە هێزە سەروسروشتییەکان (سروشتی میتافیزیکە) و بڕوابونیان بە ڕوح لە جیهاندا، تا دەگات بە سنورەکانی ڕێگەپێدرا و ڕێگەپێنەدراو، جیهانبینی و بڕوا و لێکدانەوەی جیاواز و زۆر جاریش دژی بە یەکیان هەبوە و هەیە. ئەم جیاوازییە لە ئاینەکان و پێکهاتەکەیاندا وایکردوە لە بەدەستهێنانی پێناسەیەکی ورد بۆ ئاین گرفت دروست بێت و نەتوانرێت هەمویان لە ژێر یەک پێناسەی نزیک لەیەکتر کۆبکرێتەوە (مارف، ٢٠١٦، ١٥).
خوریبیەکان، یەکێک لە گەلانی گرنگی مێژوی ڕۆژهەڵاتی نزیک دادەنرێن. یەکەم ناوچەی سەلمێنراوی نیشتەجێبون و هەژمونی سیاسی خوریبیەکان شانشینی (ئورکیش و نەوار)ە (ئورکیش لە تەل موزان لە پارێزگای حەسەکە لە ڕۆژئاوای کوردستان) (Hallo, 1978, 71). هەروەها لەلایەکی دیکەدا، لە تۆمارکراوە ناوی کەسی و شوێنەکانی خوری لە تۆمارەکانی (میسۆپۆتامیا - Mesopotamia) لە کۆتایی هەزارەی سێیەمدایە، ئەمانە ئاماژە بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ڕوباری دیجلە و ناوچەی شاخاوی زاگرۆس دەکەن وەک شوێنی نیشتەجێبونی خوریبیەکان (Britannica, 2025).
بۆچونی باو وا بو کە شارستانیەتی خوری لە دەوروبەری (٢٠٠٠ پ.ز) دەستیپێکردوە، یاخود لە تێگەیشتنی پێشودا دەربارەی سەرهەڵدانی خوریبیەکان وابو کە بۆ کۆتایی یان ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی ئەکەدییەکان (٢١٥٩ – ٢٣٥٠ پ.ز) گەشەیان کردوە، بەڵام بەڵگەکانی کە بەردەوام دەدۆزرێتەوە، سەرەتای شارستانیەتی خوری لە باکوری میسۆپۆتامیا زیاتر بەرەو کۆنتر دەبەن. ئەمەش گۆڕانکاری لە تێگەیشتنی ئێمە بۆ گەشەکردنی شارستانیەتەکان لە ناوچەی باکوری میسۆپۆتامیا دروست دەکات. لە ئورکیش پەرستگایەک لە لوتکەی گردەکە دۆزراوەتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ (٢٥٠٠ پ.ز) ئەم پەرستگایە تەنها بینایەکی دابڕاو نەبوە، بەڵکو بەشێک بوە لە شارێکی گەورەتر[1]، لێکۆڵینەوەکانی ساڵی (١٩٩٨ز) دەریخست کە شارەکە لە گردەکەوە درێژبوەتەوە بۆ دەشتەکەش. بینایەکی کارگێڕی لە دەشتەکەدا دۆزراوەتەوە کە هەمان جۆری کەرەستەی بەکارهێناوە وەک ئەوەی لە پەرستگاکەدا دۆزراوەتەوە (Buccellati & Kelly-Buccellati, 2001, 23-24).



وێنەی ژمارە ١: بنیاتنانەوەی پەرستگا هێلکەییەکە لە ناوەڕاستی سەرەوەی ئورکیش. (سەرچاوە: Peter Pfälzner وێنەکێشان: J. Schmid).

پەرستگاکەی ئۆرکیش بە شێوەیەکی هێلکەیی لە ناوەڕاستی شارەکەدا هەڵکەوتوە، یەکێکە لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی ئۆرکیش. سنورێکی ئارکیۆلۆژی پلیکانەی پەرستگاکە لە چەند قۆناغی جیاواز بە درێژایی مێژو دروستکراوە، قۆناغی سەرەتایی بۆ (سەرەتای چاخی بەرەبەیانی بنەماڵەی دوەم - Early Dynastic II) کە دەکاتە (نزیکەی ٢٦٠٠/٢٧٠٠/٢٧٥٠ پ.ز) قۆناغێکی دواتر نزیکەی (٢٤٠٠ پ.ز)، قۆناغی کۆتایی (١٥٠٠ پ.ز) دەگەڕێتەوە (Head, et al, 2022, 232). پەرستگەکە لەسەر پلەیەکی بەرز دروستکراوە و دیوارێکی هێلکەیی گەورە دەوری داوە. ئەمە نیشانەیەکی گرنگە پەرستگەکە و شوێنەکە پەیوەندی ئاینی و کۆمەڵایەتی، و لەوانەیە سیاسی و ئابوریان هەبوبێت.

ئەوەی لە ناوەندی شار هەڵکەوتوە. لەلایەکی دیکە، کۆمپلێکسی تەلارسازی پەرستگەکە و مەیدانەکە بە بەردەوامی لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوی شارەکەدا بەکارهێنراوەتەوە. ئەم بەردەوامییە نیشانەیەکی گرنگی ئاینی شارەکە بوە، ئەوەی کە هیچ گۆڕانکارییەکی گەورە نەکراوە لە تەلارسازیدا نیشانەیەکی گرنگی ئایدیۆلۆژی و کۆمەڵایەتی بوە ( Pfälzner, 2012, 67).

لەلایەکی دیکەدا، هەر لە ساڵی (١٩٩٨ز) تیمێکی ئەڵمانی پرۆژەیەکی سێ ساڵەیان بۆ لێکۆڵینەوە لە تەلارسازی خانوبەرە لە (ئورکیش - Urkesh) دەستپێکرد، خەندەقێکی درێژیان لە پەرستگاکەوە بەرەو باشور هەڵکەند و بەڵگەی زیاتریان دۆزییەوە. ئەم دۆزینەوانە گرنگن چونکە پیشان دەدەن کە ئورکیش تەنها شوێنێکی ئاینی یان کارگێری نەبوە، بەڵکو شارێکی پێشکەوتوی گەورە بوە کە ناوچەیەکی بەرفراوانی داگیرکردوە. ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەیە خورییەکان شارستانیەتێکی پێشکەوتویان هەبوە لە سەردەمێکی زوتر لەوەی پێشتر باوەڕ پێکرابو (Buccellati & Kelly-Buccellati, 2001, 23 - 24).خورییەکان پانتیۆنەکی بە هێز و کاریگەریان لە جوگرافیایەکی بەرفراوان لە ڕۆژهەڵاتی نزیک هەبوە، هاوکات کاریگەریی پانتیۆن و بیروباوەڕی ئاینییەکەیان بۆ گەلانی دەوروبەریش گوازراوەتەوە. لە ناوەڕۆکی ئەو توێژینەوەیەدا، شیکاریی بۆ لایەنە دیار و کاریگەرەکانی پانتیۆنی خوریی دەکەین، بەتایبەتی پێگەی خوداوەندەکان و ڕۆڵی ئەفسانەکان.

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانج لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە، لە تاوتوێکردن و خستنەڕوی پانتیۆنی خورییەکان بەگشتی و بە تایبەتتریش ئامانجەکانی توێژینەوەکە لەم چەند خاڵەی خوارەوە بخەینەڕو:

- دەرخستنی تێگەیشتنی گشتی دەبارەی پانتیۆنی خورییەکان وەک گەلێکی کاریگەری مێژویی و جوگرافیایەکی بەرفراوان.
- تێگەیشتن لە ئەفسانەی خوداوەندە خورییەکان، لە چیرۆکی دروستبون و هێزی گەردونی و ململانێ و شەڕی دەسەڵات.

## ١. ناساندنی تایبەتمەندی پانتیۆنی خوری

### ١.١ پێناسەی پانتیۆن

**پانتیۆن – Pantheon:** بەگشتی پانتیۆن بە واتای هەمو خوداوەندەکانی گەلێکی فرەخودایی دێت، پانتیۆن بە کۆمەڵەی یاخود ئەنجومەنی خواوەندانی نەتەوەیەک یان وڵاتێک یان شارێک دادەنرێ، کە لە ئاین یان کولتورێکی دیاریکراودا دەپەرسترێن، پانتیۆنی هەر نەتەوەیەک چەندەها خوداوەندی جۆراوجۆر لە خۆدەگرێت. بۆ نمونە پانتێۆنی میسۆپۆتامیا یان پانتیۆنی خوریی لە چەندان خوداوەندی جیاواز پێکهاتوە (Beckman, 2004, 308).

بیروباوەڕی ئاینی و ئەفسانە و پەرستش و ڕێوڕەسمی ئاینی خورییەکان بە سیستەمێکی هاوچەشن دانانرێت، ئەمەش چاوەڕوانکراوە، چونکە خورییەکان لە پانتاییەکی بەرفراوان نیشتەجێبون (Wilhelm, 1989, 49)، بە جۆرێک جیاکردنەوەی و دابەشکردن لە نێوان پانتیۆنی خوریی لە ڕۆژئاوا لە کوردستانی ڕۆژئاوا و کەناری دەریای ناوەڕاست لەگەڵ پانتیۆنی ڕۆژهەڵات لە نوزی و مەڵبەندەکانی تری ڕۆژهەڵاتی دیجلەدا هەبوە (ئەحمەد، ٢٠٠٧، ٩٢). هەروەها بەهۆی پانتایی سنوری نیشتەجێبونیان بەریەکەوتن لەگەڵ شارستانیەتەکانی دەوروبەری و کاریگەری لەسەر یەکتر جێدەهێڵن. پانتیۆنی خورییەکان لە کۆمەڵێک خوداوەند پێکهاتوە، دەتوانین دابەشی سەر دو بەش بکرێت، گروپی یەکەم و سەرەکی ئەو خوداوەندانە دەگرێتەوە، کە خواوەندنی نەتەوەیی خورییەکان بوە، گروپی دوەم بۆ خوداوەندی شارستانییەکانی دەوروبەریان دەگەڕێتەوە (Wilhelm, 1989, 49). بروس لینکۆڵن، دەربارەی سروشت و سەرهەڵدانی پانتیۆنەکان، پرسیارێک دێنێتە پێشەوە، کە ئایا هەمو ئاینە فرەپەرستیەکان (پۆلیتیزم) خاوەنی پانتێۆنێکن و ئەگەر وایە، هەمویان لە

یەک جۆرن؟ لە ڕونکردنەوەی ئەو پرسە بروس سێ جۆر پانتیۆن جیادەکاتەوە، وەک میتۆدێک بۆ توێژینەوە لە ئاینە فرەپەرستیەکان کە بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

**یەکەم پانتیۆنی ئاشکرا (Explicit Pantheon):** ئەو پانتێۆنە بە تەواوی و بە ڕونی دارێژراوە، نمونە: پانتیۆنی ئۆڵەمپی یۆنانی کە هیسیۆد باسی کردوە. کە لەلایەن پسپۆڕان و کەسانی شارەزاوە نوسراوەتەوە. پانتیۆنی ڕاشکاو دەگمەنترە و پێویستی بە کاری تیۆری و بەردەوامی پسپۆڕانی وەک پیاوانی ئاینی، شاعیر، ئیلاهیناس بەرهەمدەهێنرێن. (2012, 17) وەک ئەوەی (Gernot Wilhelm) دەڵێ، کاهینە (پیاوانی ئاینی) خوریەکان دەقە ئاینییەکانی میسۆپۆتامیایان دەنوسییەوە و بە یەکخستنی خوداوەندە خوری و میسۆپۆتامیان دەوڵەمەند دەکرد (1989, 49).

**دوەم پانتیۆنی شاراوە (Implicit Pantheon):** ناڕاستەوخۆ یاخود (پرۆتۆپانتێۆن - protopantheon)ی پێدەڵێن، ئەو جۆرە پانتیۆنە کۆدبەندی نەکراوە و بە فەرمی نەنوسراوەتەوە، بەڵکو بەرهەمی چالاکی ئاینی بەردەوام و گفتوگۆی نافەرمی، ئەو پانتیۆنە بنەمایە بۆ دروستبونی پانتیۆنی ئاشکرا و ڕون. هەر کۆمەڵگایەک کە زیاتر لە خواوەندێکی هەبێت، بەشێوەیەکی سروشتی پانتیۆنێکی ناڕاشکاو دروست دەکات. کە بەرهەمی چالاکی ئاینی، گفتوگۆی نافەرمی، و تاقیکردنەوەی کردەییە.

**سێیەم پانتیۆنی دەرەکی (Exogenous) و خۆجێی (Indigenous):** لینکۆڵن جیاکارییەکی دیکەی خستۆتەڕو لە نێوان پانتێونی ئاشکرا و پانتیۆنی شاراوە، بە دابەشکردنی پانتێونی ئاشکرای بۆ "خۆجێی" و "دەرەکی". پانتێونە خۆجێییەکان لەلایەن شارەزایانی وەک کاهینەکان، شاعیرەکان، ئایناسەکانەوە دروست دەکرێن کە خۆیان بەشێکن لەو کەلتورەی کە لێکۆڵینەوە لێدەکرێت. پانتێونە دەرەکییەکان بەرهەمی لێکۆڵەرانی سەردەمێکی دواتر (یان کەلتورەی جیاواز)ن کە هەوڵدەدەن خوداوەندەکانی کەلتورەکانی تر لێکبدەنەوە.

لەبەرئەوەی تیۆریستەکانی پانتێونە خۆجێیی و دەرەکییەکان لە هەمان سەرچاوەکان کەڵک وەردەگرن و هەمان ئامانجیان هەیە کە ڕونکردنەوەیەکی وردتر لە خوداوەندەکان پێشکەش بکەن، ئەم دو جۆرە پانتێونە لە شێوە و ناوەڕۆکدا زۆر لەیەکدەچن. بەڵام کاریگەریی زۆر جیاوازیان لەسەر کۆمەڵگە هەیە. تیۆریستەکانی پانتێونە خۆجێییەکان نەک هەر لە زانیارییە ناڕاستەوخۆییەکان کەڵک وەردەگرن، بەڵکو کاریگەریشیان لەسەر بیرکردنەوەی گشتی خەڵک دەربارەی خوداوەندەکان دەبێت. بە پێچەوانەوە، پانتێونە دەرەکییەکان بە دەگمەن کاریگەری لەسەر باوەڕەکانی خەڵک دروست دەکەن، وەک ئەو پانتێونانەی کە لەلایەن لێکۆڵەرانی مۆدێرنی ئاینە کۆنەکانەوە دروست کراوە (2012, 19).

سەرچاوە مێخییەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆن دەرفەتێکمان پێدەدەن بۆ تێڕامان لە کارلێکی نێوان ئەم سێ جۆرە پانتیۆنە. چونکە کولتورەکانی میسۆپۆتامیای کۆن و دراوسێکانی تا پێش دۆزینەوەی پاشماوە مادییەکانیان لە ڕێگەی هەڵکۆڵینەوە لە ماوەی سەد و پەنجا ساڵی ڕابردودا زۆربەی نەناسراو بون. (بێنۆ لاندسبێرگەر - Benno Landsberger) لە ساڵی ١٩٢٤ پرسیارێکی گرنگی کرد: "ئایا تا چ ڕادەیەک دەکرێت، شارستانییەتێکی کۆن و نامۆ بەشێوەیەکی زیندو و دروست لە ڕێگەی فیلۆلۆژییەوە دروستبکرێتەوە، بەبێ یارمەتی نەریتێک کە تا ئەمڕۆ بەردەوام بێت؟" ئەرکی زانایانی مێژوی کۆن و شوێنەوارناسان و بوارە پەیوەندیدارەکان بوە، کە مێژوی ئەم شارستانییەتانە کۆبکەنەوە. چونکە نامۆترین شت بۆ تێگەیشتنی مۆدێرن، سیستەمی بیروباوەڕی ئاینی ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆنە. (لامبێرت - W. G. Lambert) لە توێژینەوەی "پەرەسەندنی مێژویی پانتیۆنی میسۆپۆتامیا"دا پشتی بە لیستی خواوەندەکان بەستوە. ئەم لیستانە بەرهەمی بیرمەندانێک بون کە هەوڵیاندا کۆمەڵێک ئاینی شار بکەن بە سیستەمێکی ڕێکخراو. لەو چوارچێوەیەدا (ئارۆن توگندهافت - Aaron Tugendhaft) لە توێژینەوەکەیدا بە وردی لێکۆڵینەوە لە تابلێتە سێ زمانیەکەی (Weidner God List-WGL)

ئۆگارت دەکات، کە دەقەکە لیستی ناوی خوداوەندەکانە بە زمانی سۆمەری و زمانی خوری و زمانی ئۆگارتیک نوسراوە (2016, 165).

بەشێوەیەکی گشتی ئەم جیاکاری و دابەشکردنی نێوان پانتیۆنەکان گرنگە، چونکە یارمەتیمان دەدات باشتر لە ئاینە کۆنەکان تێبگەین. نیشانی دەدات چۆن سیستەمی باوەڕ پەرەی سەندوە، ڕۆڵی گرنگی پسپۆڕان و زانایانی ئاینی دەردەخات، جیاوازی نێوان تێگەیشتنی ناوخۆیی و دەرەکی لە ئاین ڕون دەکاتەوە. لێرەوە دەتوانین پێوانەی پانتیۆن خوری بکەین.

## ٢.١ پانتیۆنی خوری - Hurrian

بەشێوەیەکی سادە پانتیۆن ئاماژەیە بە کۆمەڵەیەکی تەواو لە نێرخوداوەند و مێخوداوەندەکان لە ئاین یان میتۆلۆژیایەکی دیاریکراودا و نوێنەرایەتی ئەو خواوەندانە دەکات، کە لەلایەن کولتورێکەوە دەپەرستێن. لە کۆمەڵگا کۆنەکاندا، ئەم خواوەندانە زۆرجار هێمای لایەنە جیاوازەکانی ژیان، سروشت و ئەزمونی مرۆڤ بون، کە ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕ، بەها و ناسنامەی خەڵک بون. پانتیۆن وەک چوارچێوەیەکی گرنگ خزمەت دەکات بۆ تێگەیشتن لە ژیانی کولتوری و ڕوحی شارستانییەتەکان (Lincoln, 2012, 17 - 20). وەک پانتیۆنی خوری، لەلایەن خوداوەندە سەرەکییەکانی وەکو (تێشوپ - Tešup) و (کوماربی - Kumarbi) و (شاوشکا - Šauška) زاڵبون، هەریەکەیان نوێنەرایەتی لایەنە جیاوازەکانی ژیان و سروشتیان دەکرد.

ئاین، میتۆلۆژیا، کەلتور و ڕێوڕەسمە (خورییەکان – Hurrians) سیستەمێکی یەکگرتو نەبون. ئەمەش چاوەڕوانکراو بو لەبەرئەو ناوچە بەرفراوانانەی نیشتەجێبون و ئەو کاریگەرییە کولتورییە جۆراوجۆرانەی کە کاریانتێکردبون. لە ڕەوتی مێژودا، ڕوبەڕوی خوداوەندی بێگانە بونەوە و بە سادەیی زیاد یان هاوتایان کردن بۆ پانتیۆنی خۆیان، یان ناسینیان لەگەڵ خواوەندەکانی خۆیان کە هاوشێوە بون. بەتایبەتی کاریگەرییەکانی:

١. نەریتە کۆنەکان کە خورییەکان لەگەڵ خۆیان هێنابویان لە ناوچە شاخاوییەکان کۆنترین شوێنی نیشتەجێبونیان لە کوردستان.

٢. بنچینەی سومەری کۆن و کاریگەریی ئەمۆرییەکان (Laroche, 1948, 133).

زۆربەی توخمە سۆمەرییەکان، وەک زۆرجار وا گریمان دەکرێت، ڕاستەوخۆ لە هەزارەی سێیەمەوە وەرنەگیراون. زیاتر پێدەچێت کە تەنها لە هەزارەی دوەمدا گوازرابنەوە لە ڕێگەی تۆڕە ئاڵۆزەکەی ئاینی باکوری سوریاوە. ئەمە ڕونکردنەوەیەکی گرنگە لەسەر چۆنیەتی گەشەکردن و تێکەڵبونی ئاینی خورییەکان، کە پێشینەکانیان لە کوردستانەوە سەرچاوەیان گرتوە و دواتر لەگەڵ ئاین و کولتوری ناوچەکانی دەوروبەر تێکەڵ بون (Wilhelm, 1989, 49). لەلایەکی دیکە پانتیۆنی خورییەکان بەشێوەیەکی بەرفراوان کاریگەرییەکان بۆ سەر حیتی و ئۆگاریت و ئەنادۆڵ و ئۆرارتو درێژدەبێتەوە. هەر سەبارەت بە پانتیۆنی خورییەکان، لارۆش کاتێک باس لە کاریگەریی بڵاوبونەوەی ئاینی خوری لە سنوری ناوچەی خۆرئاوای ئاسیا دەکات، بەتایبەتی لە وردبونەوە و بەراوردکردنی ڕێوڕەسمە ئاینیەکان، دەڵێ "ڕێوڕەسمەکان سەرەڕای جیاوازی لە وردەکاریدا، کەچی نیشانەی یەکێتی بنەڕەتی پانتێۆنی خوری دەخاتەڕو" (1948, 114).

بەپێی ئەو پۆلێنبەندیەی لە سەرەوە بۆ جۆرەکانی پانتیۆن کرا، بەتایبەتی لێکدانەوەکانی بروس لینکۆڵن سەبارەت بە پانتیۆن، دەکرێت لێکدانەوە بۆ پانتیۆنی خورییەکان بکەین، بەشێوەیەک بە قۆناخی گەشەی ڕێکخراوەیی تێپەڕیوە. واتە لە سەرەتا پنتیۆنەکی شاراوە (Implicit Pantheon) بوە، بە تایبەتی لە ماوەی هەزارەی سێیەمی پێش زاینی، لەو

ماوەیەدا پانتیۆنی خورییەکان کۆدبەندی نەکراوە، بەڵکو بەرهەمی چالاکی ئاینی بەردەوام و گفتوگۆی نافەرمی، دواتر ئەو پانتیۆنە دەبێتە بنەچە بۆ دروستبونی پانتیۆنی ئاشکرای (Explicit Pantheon) خورییەکان بەتایبەتی لە هەزارەی دوەمی پێش زایینی، کە پانتیۆنی بەهێز دەبێت و کاریگەریی بەسەر جوگرافیایەکی فراوان لە ئەندۆل و باکوری سوریا تا ئۆگاریت دادەنێت.

## ٣.١ سیستەمی بیرباوەڕی ئاینی خوری

**پۆلیتیزم - Polytheism**: بیروباوەڕی ئاینی لە مێژویی مرۆڤایەتی بۆ چەندین شێواز و سیستەم دابەشکراوە، بەڵام گرنگترینیان دو سیستەم زاڵبوە، یەکەم (فرەپەرستی - Polytheism) دوەم (یەکتاپەرستی - Monotheism) هەر یەکێکیان کۆمەڵێک تایبەتمەندی بیروباوەڕی ئاینی خۆی هەیە. بەشێوەیەکی گشتی فرەپەرستی یان فرەخودایی، باوەڕبونە بە زۆرێک لە خوداوەندەکان. فرەخودایی بە کردەوە تایبەتمەندی هەمو ئاینەکانە، جگەلە ئاینە ئاسمانییەکان وەک (جو و مەسیحی و ئیسلام) کە نەریتێکی هاوبەشی یەکتاپەرستییان هەیە، ئەویش باوەڕبون بە یەکخودا (Encyclopaedia Britannica, 2024). فرەپەرستی، پشتبەستوە بە پەرستشی هێزی سروشت و دیاردەکانی ئاووهەوا و ئاگر و باران، پۆلیتیزم کە ڕەنگدانەوەی دیاردە سروشتییەکان بون (خەلیل، ٢٠١٦، ١٠٦). لە زۆربەی شارستانییە کۆنەکانی جیهاندا، ئاین لە دەوری فرەخودایی بوە. کۆمەڵێک خواوەند نوێنەرایەتی هێز و توخمە جیاوازەکانی سروشت دەکەن. لە شارستانیە کۆنەکانی میسر و میسۆپۆتامیا و ئینکا و مایا و یۆنان و ڕۆما دەتوانین فرەخودایی لە ئاینەکانیاندا بناسێنین. ئەم جۆرە توێژینەوەیە ڕێگەخۆشکەر دەکات بۆ دیاریکردنی لێکچون و جیاوازی ئەو ئاینە کۆنانەی کە لە شارستانیە جیاوازەکاندا پەیڕەودەکرێن. هەرچەندە ئاینە فرەخوداییەکان چەمکی یەکیەتی خودایی لەخۆدەگرن، بەڵام ئەم ئاینانە بێگومان ژمارەیەکی زۆر خودا دەپەرستن، یەکبون لەم حاڵەتەدا مانای پەرستنی تایبەتی یەک خودا نییە، بەڵکو پێکهاتە و پێکەوەبونی جیهانی خودایە، کە تەنها کەڵەکەبونی خوداوەندەکان نییە، بەڵکو کۆیەکی پێکهاتە (پانتیۆن)ە پەرستنی خودای جیاواز بریتییە لە ڕێکخستنی خودی تاک لەگەڵ ئایدیالی جیاواز و لەخۆگرتنی پێوانەی ئەخلاقی جیاواز (Bamunusinghe, 2019, 1).

پۆلیتیزم فرەپەرستی ڕەگێکی زۆر کۆنی هەیە. لە کۆمەڵگە خێڵەکییە سەرەتاییەکاندا، مرۆڤ دەتوانێ باوەڕی بە ڕۆحی جۆراوجۆر، باوباپیران، ڕۆحی شوێنەکانی وەک چیاکان و دارستانەکان، ئاژەڵان و هەروەها هەمیشە خوداوەندێکی باڵای فەرمانڕەوا بدۆزێتەوە. بە شێوەیەکی گشتی هەر هۆزێک یان دواتر هەر شارێک، پارێزەرێک یان خوداوەندێکی چاودێری خۆی دەبێت. بەڵام لە ئیمپراتۆریەتە کۆنەکانی کە لە میسر و میسۆپۆتامیا (وەک ئەکەدی و ئاشوری) سەریانهەڵدا، فرەخودایی بەڕاستی گەشەی کرد. هەروەک لەگەڵ یەکخستنی زۆرێک لە هۆز و شارەکان بۆ ئیمپراتۆریەتی گەورەتر، ڕەنگە هەمو خوداوەندە ناوخۆییەکانیان ببنە بەشێک لە پانتیۆنێکی فراوانتری خوداوەندەکان. لە هەمان کاتدا لەگەڵ ئاڵۆزبونی ژیانی مرۆڤدا، خوداوەندەکانی پیشە تایبەتمەندەکان لەلایەن شوێنکەوتوانیانەوە ڕێزیان لێگیرا. هەندێکجار بیرۆکراسییەکی ئاسمانی هاوتەریب بو لەگەڵ بیرۆکراسی ئیمپراتۆریەتەکانی زەوی (Ellwood, 2007, 347).

لەو چوارچێوەیە لە سەرەوە دەربارەی پۆلیتیزم ڕونکرایەوە، بیروباوەڕی ئاینی لە شارستانیەتی خورییەکان دەکەوێتە پۆلی فرەپەرستی لە شارستانیەتی مێژوی مرۆڤایەتی، کە پانتیۆنی ئاینیان کۆمەڵێک خوداوەندی جۆراوجۆری لەخۆگرتوە.

## ٢. تایبەتمەندی خواوەندەکانی پانتیۆنی خوری

لە سیستەمی بیروباوەڕی ئاینی فرەپەرستی (پۆلیتیزم) باوەڕدارانی فرەخوداوەندی باوەڕیان وایە، جیهان لەلایەن گروپێک لە خوداوەندی بەهێزەوە کۆنترۆڵ کراوە و بەڕێوەدەبرێت، وەک خوداوەندی کەش و باران و زریان و جەنگ... هتد.

بەم جۆرە هەر شتێک لە سەرو توانای مرۆڤەوە ڕوی بدایە دەدرایە پاڵ خوداوەندێک (Ellwood, 2007, 347). هەروەها لە نێو هێزەکانی سروشت دەسەڵاتەکان دابەشکراوە، خوداوەندەکان هاوشێوەی مرۆڤ دابەشی سەر ڕەگەزی نێر و مێ دەکرێن (Toorn & et al, 1999, 357)، لێرە بۆ ناساندنی ڕەگەزی خوداوەندەکان دەستەواژەی (نێرخوداوەند و مێخوداوەند) بەکاردەهێنین.

## ١.٢ پۆلێنی پانتیۆنی خوداوەندە خورییەکان

لە پانتێۆنی خورییەکاندا، خوداوەندەکان بە پشتبەستن بە ڕۆڵ و پێگە و دەسەڵاتیان، هەروەها لایەنەکانی ژیان یان ئەو گەردونە کە بەڕێوەیان دەبرد، دابەشی گروپی جیاواز دەکرێن. سەرباری ئەوەی خورییەکان سیستەمێکی ئاینی ئاڵۆزیان هەبو، لێرەدا خوداوەندەکانیان بۆ چەند گروپێکی جیاواز پۆلێن دەکرێن. هەروەها تێڕوانینێکی گشتی و تایبەتمەندی گروپە جیاوازەکانی خوداوەندەکان لە پانتێۆنی خورییەکاندا دەخەینەڕو:

**یەکەم فرەپەرستی پۆلیتیزم:** خورییەکان سیستەمی بیروباوەڕی فرەپەرستیان پراکتیزە کردوە، ژمارەیەکی زۆر لە نێرخوداوەند و مێخوداوەندیان دەپەرست کە پەیوەندییان بە لایەنە جیاوازەکانی ژیان و سروشت و گەردونەوە هەبو.

**دوەم سینکریتیزم:** لە پانتیۆنی خورییەکان سینکریتیزم بە ئاراستەی (وەرگرتن و لێبردن) ڕویداوە، هەندێک لە دراوسێکانی خوداوەندە خورییەکانیان وەرگرتوە و تێکەڵی پانتیۆنی خۆیان کردون وەک حیتیەکان، بەپێچەوانەش ڕویداوە هەندێجار خورییەکان خوداوەندەکانی کولتورە دراوسێکانی وەک سومەری هاوتاکردوە. وەک خوداوەند (ئیا - Ea) لە نەریتی میسۆپۆتامیا وەرگرتوە. تێکەڵکردنی خوداوەندەکانی سومەری-ئەکەدی لە پانتێۆنی خوریدا نابێت وەک یەک ڕوداو سەیربکرێت، بەڵکو وەک تێکەڵەیەک لە قەرزکردنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ (زۆربەی لە ڕێگەی سوریاوە) سەیربکرێت، ئەوان وەرگرتن و تێکەڵاوکردنە تیۆلۆژییەکان لەخۆدەگرن کە بەشێوەیەکی پچڕپچڕ لە لیستە فرەزمانییەکانی خوداوەندەکانی ئوگاریت و ئیماردا ڕودەدەن (Wilhelm, 1989, 54).

**سێیەم پلەبەندی خوداوەندەکان:** وەک زۆرێک لە ئاینە کۆنەکان، زۆرجار خوداوەندەکان لە پلەبەندییەکدا ڕیزبەندی دەکران، هەندێک خوداوەند بە گرنگتر لە هەندێکی تر دادەنران، خوداوەندەکان لە پانتیۆنی خوریی بەپێی دەسەڵات و تایبەتمەندی خۆیان شوێنێکی گرنگیان لە پلە و پایەکەی دەگرت. بەپێی دۆمەینەکانیان، پێگەی تێشوپ وەک خوداوەندێکی گەورەی زریان لە خوداوەندەکانی دیکە دیارتربو، تێشوپ لە سەری پانتێۆنی خوری وەستابو و گەورەترین خوداوەندی شانشینی میتانی بو (Tremouille, 2018, 1).

**چوارەم خوداوەندانی جیهانی سەرەوە و جیهانی ژێرەوە:** دابەشبونێکی ڕون لە نێوان خوداوەندەکانی ژیان و ڕوناکی (خوداکانی جیهانی سەرو یان ئاسمان) و خوداوەندەکانی مردن و تاریکی (خوداکانی جیهانی ژێرەوە) هەبوە، زاراوەی خوداوەندەکانی جیهانی سەرەوە و جیهانی ژێرەوە ئاماژەن بۆ کۆمەڵە خوداوەندە جیاوازەکانی پانتێۆنی خورییەکان، کە لە سیستەمی بیروباوەڕی ئاینی خورییەکان بەوشێوەیە دابەشکراوە. جیاکارییەکە، خوداوەندە ئاسمانییەکان نوێنەرایەتی ڕوناکی دەکەن، ئەو هێزانەی کە ژیان و ڕێکوپێکی لەسەر زەوی و لە گەردوندا دەپارێزن. خوداوەندەکانی جیهانی ژێرەوە فەرمانڕەوایی کایەی تاریکتر و نهێنیتری مردن و ژیانی دوای مردن دەکەن.

ئەم خوداوەندانە پەیوەستن بە ئاسمان و خۆر و ڕەشەبا و باران و دیاردە ئاسمانییەکانی ترەوە. ئەوان وەک خوداوەندی بەهێز سەیر دەکرێن کە ژیان و سروشت و خۆر و کەشوهەوا و بەخێوکردن بەڕێوەدەبەن، ئەو گروپە گرنگن لە پەرستشی ئاینی خورییەکان. خوداوەندەکانی جیهانی سەرەوە بە شێوەیەکی تایبەت وەک خوداوەندە باڵاکان سەیر دەکرێن، لە ئاسمانەکانەوە حوکمڕانی دەکەن و زۆرجار بانگەوازیان بۆ دەکرێت بۆ پاراستن و خۆشگوزەرانی و ڕێنماییکردن. لە

ئەفسانەی خوریدا ئاسمان و تەنە ئاسمانییەکان هێمای هێز و دەسەڵاتی خودایی بون. خوداوەند تێشوپ وەک خوداوەندی کەش و زریان دانراوە، پەیوەندی بە ڕەشەبا و بروسک و بارانەوە هەیە. ئەو یەکێکە لە خوداوەندە سەرەکییەکانی ناو پانتیۆنی خورییەکان، زۆرجار وەک خوداوەندێکی جەنگاوەریش وێنادەکرێت (Wilhelm, 1989, 53). خوداوەندەکانی جیهانی ژێرەوە (netherworld gods) حوکمڕانی جیهانی ژێرەوە دەکەن، کایەی مردوەکان و ژیانی دوای مردن و هێزەکانی تاریکی دەکەن. پێیان وابو ئەم خوداوەندانە کۆنتڕۆڵی مردن و چارەنوس و ڕۆحی کۆچکردوەکان دەکەن. جیهانی ژێرزەوی لە باوەڕی خوریدا شوێنێکی تاریک و نهێنی بو (Sharlach, 2002, 99).

خوداوەندەکانی جیهانی ژێرەوە بۆ خوداوەندانی نەفرەت و مردن کە بەرپرسن لە لەناوبردنی پیسی جادویی، لەوانە بەشێوەیەکی تایبەت کەمتر ڕێزیان لێدەگیرێت لە خوداوەندە ئاسمانییەکان، بەڵام هێشتا گرنگن چونکە چارەنوس و گەشتی ڕۆح کۆنترۆڵ دەکەن (Wilhelm, 1989, 53). مێخوداوەندی ئەللانی (Allani) تایبەتمەندە بە (جیهانی ژێرەوە) (Archi, 2013, 6)، ناوی ئەللانی پەیوەندی بە وشەی خوری ئەللای (خانم/خاتو) هەیە (Laroche, 1980, 42 – 43). ئەللاتوم-ئەلانی یەکەم بەڵگەیە کە خورییەکان پێشتر لە سوریای باکور لە دەوروبەری (٢٠٠٠ پ.ز) بون. مێخوداوەند ئەللانی خانمی جیهانی ژێرینە (جیهانی مردوان) (Blasweiler, 2015, 5).

**پێنجەم ڕەگەز و ناو و نازناوی خوداوەندەکان:** ڕەگەزی خوداوەندەکان، هەر خوداوەندێک لە پانتیۆنی خوریدا ڕەگەزی تایبەتی خۆی هەبوە کە (نێرخوداوەند یان مێخوداوەند) جیا دەکرانەوە، هاوتای ژیانی مرۆڤ هاوسەرگیریان کردوە و نەوەیان لێبۆتەوە (Archi, 2013, 17). ناوی خوداوەندەکان، بەزۆری ناوی خوداوەندە خورییەکان لە ناوی شوێنێک یان ناوی شارێک لەگەڵ پاشگرێک پێکهاتوە. وەک ناوی خوداوەند کومارب (Wilhelm, 1989, 52). بەکارهێنانی ناوی خوداوەندەکان، بە هۆی پێگە و بە پیرۆز زانینی خوداوەندەکان و کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگە، ناوی خوداوەندەکان بە پاشگری دوای ناوی کەسی هاتوە، بە تایبەتی ناوی خوداوەند تێشوپ بەشێوەیەکی بەرفراوان وەک پاشگری ناوی کەسی بەکارهاتوە (Wilhelm, 1989, 56).

نازناوی خوداوەندەکان، لەلایەکی دیکەدا، بەشێک لە خواداوەندە خورییەکان بەهۆی پێگە و دەسەڵاتیان نازناوی تایبەتیان هەبوە، وەک نازناوەکانی (تێشوپ و خێبات):

**نێرخوداوەند تێشوپ دو نازناوی هەبوە:**

- ئێوری – ewri: کە مانای "پاشا" دەدات، ئەمە وشەیەکی ڕەسەنی خورییە و بە فراوانی لە هەمو ناوچە خورییەکاندا بەڵگەدار کراوە.
- شارری – šarri: کە ئەویش هەر مانای "پاشا" دەدات، بەڵام ئەمە وشەیەکی خواستراوە لە زمانی ئەکەدی.

**مێخوداوەند خێبات تەنها یەک نازناوی ڕێزی هەبوە:**

- ئەڵلای - allai: کە مانای "خاتون" دەدات، ئەمە وشەیەکی ڕەسەنی خورییە و بۆ هەمو کەسایەتییەکی مێینەی پایە بەرز بەکارهاتوە.

دواتر وشەی "allai" فراوان کراوە و بوە بە ناوی فەرمی بۆ "شاژن"، لە ئەنجامی پەیوەندی لەگەڵ سیستەمی میسۆپۆتامیدا، خورییەکان چەمکێکی نوێیان وەرگرت. وشەی "šarru" (پاشا) لە ئەکەدییەوە، لەو وشەیە نوێیە، ئەوان وشەی "šarrašši" یان دروست کرد کە مانای "پاشایەتی" دەدات. هەروەها چەمکی "شاژنایەتی"یان دروستکرد، خورییەکان وشەی گشتی "allai" (خاتون) یان فراوانکرد بۆ مانای "شاژن" وشەی "allašši" یان داهێنا

کە مانای "تایبەتمەندی شاژن، شاژنایەتی" دەدات، ئەو پەرەسەندنە زمانەوانییە لە ناوچەی کیزوواتنا[٢] دەبینرێت، کە تێیدا:

- o شارراششای - šarrašši: ڕێوڕەسمەکانی تاجگوزاری پاشا دیاری دەکات.
- o ئاڵلاششای - allašši: ڕێوڕەسمەکانی تاجگوزاری شاژن دیاری دەکات.

هەردو ڕێوڕەسم لەژێر چاودێری خوداوەندەکانی خوری (تێشوپ و خێبات) ئەنجام دراون (Laroche, 1976, 98).

**شەشەم خوداوەندانی پێشو و باوانی خوداوەند:**

- **خوداوەندی باوک و خوداوەندانی پێشو:** لە پانتیۆنی خوریی، چەمکی (خوداوەندی باوک) و (خوداوەندی پێشو) ناسراوە، لە ئەنجامی کارلێکی ئاینی خوری و سامی ڕۆژئاوا، چەمکی (خوداوەندی باوک - eni attanni) و (خوداوەندەکانی باوک - enna attanni=wena) دروست بو. هەروەها کاتێک خورییەکان ئاشنای چیرۆکە ئەفسانەییەکانی میسۆپۆتامیا بون، بیرۆکەی نەوەی پێشوی خوداوەندەکانیان وەرگرت کە پێیان دەوترا (خوداوەندە کۆن و سەرەتاییەکان - ammatina enna) (Archi, 2013, 16).

- **باوانی خوداوەند:** لە ئاینی خوری، چەمکی "باوک و دایک" بۆ ئاماژەدان بە باوانی خوداوەندێک بەکاردەهێنرێت، وەک لە کولتی تێشوپ، دوای ناوی (شێری و خوری) (گاکانی تێشوپ)، ناوی "خوداکانی باوکی تێشوپ" و "خوداکانی باوکی قوربانی" دەهێنرێتەوە، هەمان شێوە (خێبات)دا دەبینرێت، کە دوای ناوی (ئاداما، کوبابا، هاشونتارهی)، ناوی "خوداکانی باوکی خێبات" و "خوداکانی باوکی قوربانی" دەهێنرێتەوە. لە سیستەمێکی (تیۆلۆژی - theology) دەتوانێت دان بەوەدا بنێت کە خوداوەندێک باوک و دایکێکی هەیە (Archi, 2013, 17).

**حەفتەم تیۆنیمی - Theonym خوداوەندە خورییەکان:** خورییەکان ڕەنوسی مێخیان بەکارهێناوە، لە پاڵ زمانی خۆیان زمانی ئەکەدیشیان بۆ نوسین بەکارهێناوە، خورییەکان ناوی خودایی (تیۆنیم - Theonym)ی زۆرێک لە دەقەکان لۆگۆگرافیان بە کارهێناوە. وەک ڕونە ناوی تیۆنیمی تێشوپ بەشێوەی (d10-ub) یان تەنها (dIŠKUR)[٣] نوسراوە (Green, 2003, 183)، ڕەچەڵەکناسییەکەی نادیارە؛ پێشنیاری وەرگرتنی لە بنچینەی خوری teš-/tešš-، هاوتای سومەری ugula، "چاودێر" کراوە، بەڵام بە شێوەیەکی قەناعەت پێنەکراو (Tremouille, 2018, 1). یەکەم سەلماندنی تێشوپ بە لۆگۆگرافی ($^{d}$IŠKUR)[٤] هاتوە. یەکەم سەلماندنی بۆ خودی خوداوەندی زریانەکە لە نوسراوەی خورییەکانی تیش-ئەتاڵی ئورکێش هاتوە، کە ناوی خوداوەندەکە پێشتر بە شێوەی لۆگۆگرافی نوسراوە (dIŠKUR) (Schwemer, 2008, 3). لە خوارەوە دەقەکەی (Tiš-Atal E3/2.7.3.1) دانراوە:

***"تیش-ئاتال، پاشای ئورکێش، پەرستگایەکی بۆ نێرگال دروست کرد. خوداوەند نوباداگ ئەم پەرستگایە بپارێزێت. جا ئەوەی هەوڵی لەناوبردنی [پەرستگاکە] دەدات، دەبا خوداوەند نوباداگ لەناوی ببات. دەسا خوداوەندی ئەم کەسە گوێ لە نزاکانی نەگرێت. یاخوا خاتون ناگار، شیمیگا [مێخوداوەندی خۆر] و تێشوپ ($^{d}$ISKUR) خوداوەندی زریان، ١٠,٠٠٠ جار نەفرەت لەم کەسە بکات کە هەوڵی لەناوبردنی ئەم پەرستگایە دەدات"*** (Frayne, 1997, 464).

هەر سەبارەت بە تیۆنیمی خورییەکان، ئەلفۆسینۆ ئارچی پێیوایە، خورییەکان بۆ نوسینی ناوی خوداوەندەکانی خۆیان سومەرۆگرامیان (Sumerograms)[٥] بەکارهێناوە. بەرامبەر ناوی خوداوەندە خورییەکانی وەک (شیمێگی - Šimegi، تێشوپ - Teššub، شاوشکا - Šauška) ناوەکانی (ئوتو- Utu، ئائێم - IM، ئینانا - Inanna) هەروەها ناوی چەندین خوداوەندی تریش لە نێویاندا (نێرگاڵ - Nergal، لوگالباندا - Lugalbanda، ئان - An) و خاتونی ناگار (خودای سەرەکی ناوچەکەیان) بەکارهێنراون. کە مەبەستیان خوداوەندەکانی خۆیان بوە (2002, 21).

**هەشتەم خوداوەندەکانی جەنگ و پاراستن:** پێگە و تایبەتمەندی شەڕ و جەنگ بەر خوداوەندە بەهێزەکان کەوتوە. بەشێک لە خوداوەندەکان پەیوەست بون بە شەڕ و پاراستن و سەرکەوتن لە شەڕدا. ئەوان لەلایەن پاشا و جەنگاوەرەکانەوە بانگەوازیان بۆ دەکرا کە بەدوای نیعمەتی خودایی دەگەڕان لە ململانێ و پاراستندا. لەو چوارچێوەیەدا لە پانتیۆنی خوریی چەند خوداوەندی بەهێز تایبەتمەندی جەنگ و شەڕیان هەیە، نێرخوداوەند تێشوپ دیسانەوە لەگەڵ ئەم ڕۆڵەدا دەگونجێت، چونکە زۆرجار وەک خوداوەندێکی جەنگاوەر وێنا دەکرێت کە دژی دوژمن و هێزی ئاژاوەگێری جۆراوجۆر شەڕی کردوە. هەروەها مێخوداوەند (ئاشتەبی - Aštabi) تایبەتمەندی خوداوەندی جەنگ هەبوە (Archi, 2013, 10). وەک لە ئەفسانەی ئولیکومی دا، کە بەشێکە لە سوڕی کومارِبی، ئاشتابی ڕۆڵێکی تایبەتی هەیە. ئەو خواوەندێکی شەڕکەرە و لەلایەن خواوەندەکانی ترەوە بانگێشت دەکرێت بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئولیکومی، زەبەلاحە بەردینەکە، کە لەلایەن کومارِبی دروست کراوە بۆ ڕوخاندنی تێشوپ، خواوەندی گەردەلول، بەڵام ئاشتابی سەرکەوتو نابێت لە شەڕەکەدا و دەشکێنرێت (Ayali-Darshan, 2014, 95).

مێخوداوەند شاوشکا ڕۆڵێکی بەهێزی هەبو، لایەنێکی تایبەتمەندی وەک مێخوداوەندی شەڕ و جەنگ بو. کاتێک لەم ڕۆڵەدا دەردەکەوت، نازناوی تایبەتی پێدەدرا وەک "مێخوداوەندی مەیدانی شەڕ" (بە زمانی خوری - awarriwe). شاوشکا لە پەرستگای یازیلیکایا بە دو شێوە نەخشێنراوە، یەکەم، لەگەڵ مێخوداوەندەکانی تر، بە هاوەڵەکانی نیناتا و کولیتا. دوەم، بە جلوبەرگی جەنگاوەرانە لە نێو نێرخوداوەندەکاندایە (Beckman, 2016, 1).

لە لایەکی دیکەدا، نێرخوداوەند (نیشبا - Nišba) لەلایەن خوریيەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ڕوباری دیجلە (ترانستیگریس - Transtigris) جێگای بایەخێکی زۆر و پێگەکی بەرز هەبو، وەک پارێزەر و خوداوەندی سەرەکی شانشینی سیموروم بوە، بە تایبەتی لە نوسراوە شاهانەیەکانی شانشینی سیموررروم دەردەکەوێت. نوسراوەکانی ئیدیسین، چوار نوسراوی شاهانەی سیموررروم بۆ ئەم پاشایە دەگەڕێتەوە، بەوشێوەیە، یەکەم نوسراوەکانی (بێتواتە ۱، ۲ و ۳) دوەم نوسراوی (سەرپول کە بە ئەنوبانینی دوەم ناسراوە)، سێیەم نوسراوی (قودس) و چوارەم نوسراوی (هەڵەدنی) پێکهاتوە. هەر نوسراوێک بۆ مەبەستێک دیاری کراو تۆمارکراوە. ئەوەی لای ئێمە گرنگە لەو نوسراوانە ناوی خوداوەندانەکان و گرنگی لایەنی ئاینی خوریيەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ڕوباری دیجلە، بەتایبەتی (نیشبا - Nišba) نێرخوداوەندی پارێزەری شانشینی سیموررروم دانراوە (Ahmed, 2012, 249). هەر لەو بارەیەوە نوسراوی هەڵەدەنی (SM 16) بە تۆمارێکی گرنگی پاشا ئیدیسین [٦] دادەنرێت (Ahmed, 2012, 255)، دەقی نوسراوەکەی هەڵەدنی ئەو بەشانەی کە ئاماژە بەڕۆڵ و ناوی خوداوەندەکان کراوە:

*"١) [پەرستگا(؟)]ی خوداوەند نیشبا،٢) [پەرستگا(؟)]ی پاشای نۆ هەرێم، ٣) ئەوەی بەهێزە.٤) ئیدین-سین، ٥) پاشای بەهێز، ٦) پاشای سیموروم، ٧) شازادەی شاوشکا/ئیشتار. ٩) نیشبا، ١٠) پەروەردگارەکەی، ٨) چەکێکی بەهێزی پێ بەخشی. ١٣) خەڵکی هەرێمەکان:......... ٥٨) تیدلوفوم ٥٩) وێرانیکرد؛ ٦٠) هەرێمی شیکشامبی ٦١) وێرانیکرد؛ ٦٢) هەرێمی ئیتەراشوێ، ٦٣) (شارەکەی؟) ئیتو، ٦٤) (شارەکەی؟) شاومنی، ٦٥) و (شارەکەی؟) هو-بی/نیزاگو، ٦٨) هەموبانی لە ژێر ٦٦) پێی ٦٧) خوداوەند نیشبا کۆت. ٦٩) هەرێمی ئوتوێ ٧٢) وەرگرتەوە ٧٠) لە دەستی ٧١) کاکموم ٧٣-٧٤) و دواتر هەرێمی کاکمومی وێرانیکرد. ٧٥) ماد/ک/قیا-[x]، ٧٦) شاوە/پیبا-[x]، ٧٧) مەگیبا-نی(؟)، ٧٨) ئاباتوم، ٧٩) و ئەوپلانوم ٨٠-٨١) سەرۆکە ئەمۆریيەکان، ٨٢) کوشتی؛ ٨٣-٨٥) و ئەمۆریيەکانی لە پارێزگاکەی (پارێزگای ئیدین-سین) ڕێگەخستەوە. ٨٦) خوداوەند نیشبا ٨٧) پەروەردگارەکەی، ٨٨-٨٩) گوێی لە وتەکانی گرت ٩٠-٩١) و هەرێمەکانی وێرانکرد ٩٢-٩٤) و ئەمۆریيەکان و سیماشکییەکانی کوشت (بۆی). ٩٥) بەرامبەردا، ئیدین-سین، ٩٦) پاڵەوانەکە، ٩٧-١٠١) زاڵبوە سەریان و لە ژێر پێی خوداوەند نیشبا، پەروەردگارەکەی، کۆتی. ١٠٢) هەرێمەکانی ١٠٣) کە یاخی بون [وای لێکردن دروستیان بکەن] ١٠٤) پەرستگای نیشبا، ١٠٥) پاشای نۆ هەرێم"* (Ahmed, 2012, 258).


**خوداوەند نیشبا پاشای ٩ هەرێم:** لە سەرەتای نوسراوەکەی هەڵەدنی (SM 16) بە ناوی خوداوەند نیشبا دەست پێدەکات، دواتر خوداوەند نیشبا بەشێوەیە: "LUGAL 9 ku-li-ší ..." دەیناسانێت. بەهۆی شکان دەستپێکی ڕستەکە، تەواو ڕون نییە. کۆزاد ئەحمەد پێشنیار دەکات بەوشێوەیە "Ê LUGAL 9 ku-li-ší" بخوێندرێتەوە، واتە "(پەرستگای خوداوەند نیشبا) پەرستگای پاشای ٩ هەرێم." گرنگە تێبینی بکەین کە لێرەدا "پاشای ٩ هەرێم" وەک ناونیشانێکی "خوداوەند نیشبا" دێت. بەپێی بیرکردنەوەی سیاسی مێزۆپۆتامیا، پاشا ڕاستەقینەکان خوداوەندەکانن و پاشاکانی سەر زەوی نوێنەری ئەوانن. بەڵام هێشتا سەیرە کە ناونیشانی "پاشای وڵات" دراوە بە خوداوەندێک، چونکە هاوشێوەی ئەمە لە دەقی تردا کەم دەبینرێت. نوسەر پێشنیار دەکات کە بیرۆکەی خوداوەند وەک پاشای ڕاستەقینەی وڵات لەوانەیە پەیوەندی بە لایەنێکی ئایدیۆلۆژی خورییەکان بێت (2012, 261).

دەقی نوسراوەکەی هەڵەدنی، هیچ نەفرینێک بونی نییە، شتێکی سەیرە، چونکە ئەم نوسراوە بۆ پەرستگای (نیشبا - Nišba) نوسراوە. لەوانەیە بەشی نەفرین لەسەر پارچەیەکی تر نوسرابێت، بەڵام ون بوە، یان لەسەر تەختی تری پەیکەرێک بوە (Ahmed, 2012, 289). نوسراوەکەی هەڵەدینی لە ناوچەی قەرەچەتان لە بناری چیای پیرەمەگرون دۆزراوەتەوە. ئەم چیایە لە مێژوی کۆندا بە (نیموش - Nimuš) یان (نیسیر - Nisir) ناسراوە، لە ناوچەی (لولوبیوم - Lullubum) بوە. لە زمانی لولوبییەکانیشدا بە (کینیپا - Kinipa) ناسراوە (Ahmed, 2012, 295).

**پەیوەندی نوسراوەکە بە پەرستگای نیشبا:** نوسراوەکە دەستپێک و کۆتایی بە یادی "پەرستگای نیشبا"یە، نیشان دەدات ئەم پەرستگایە بەڕاستی بابەتی سەرەکی نوسراوەکە بوە. بەهۆی ئەوەی نوسراوەکە ناوی زۆر ناوچە و گەل دەهێنێت، وا دەردەکەوێت ئەو نوسراوە بەشێک بوە لە ئاهەنگی دروستکردنی پەرستگاکە دانراوە. لەوانەیە پاشا ئیدیسین ویستبێتی ئیمپراتۆریەتێکی فرەنەتەوەیی دروست بکات کە هەمو گەلەکانی لە ژێر چەتری یەک خوداوەند و پەرستگای ناوەندی لە بەرزترین شاخی قەڵەمڕەوی خۆیدا یەکبخات.

گریمانەی شوێنەوارەکانی ڕەبەنە "پەرستگای نیشبا" بێت، وەک ڕونە کە تەوەری سەرەکی نوسراوەکەی هەڵەدنی "پەرستگای نیشبا"یە کە پێدەچێت لە چیای پیرەمەگرون بوبێت. هەمو زەوییە داگیرکراوەکان بەشدارییان لە دروستکردنیدا کردوە بۆ ئەوەی ببێتە پەرستگای ناوەندی خوداوەندی نەتەوەیی شانشینی، کە دەکەوێتە دەرەوەی خاکی سیمورییەکان. لە پشت گوندی قەرەچەتان، دۆڵێکی لێژ هەیە لە لای چیای پیرەمەگرون. لەم دۆڵەدا، پاشماوەی بیناسازی کۆن هەیە کە خەڵکی ناوچەکە بە "ڕەبەنە" دەیناسن. لە سەرەتای دۆڵەوە تا ناوەڕاستی شاخەکە، دیوارە گەورەکان دەبینرێن. شوێنەوارەکانی ڕەبەنە دەکرێت پەیوەندییان بەم پەرستگایەوە هەبێت، بەتایبەتی لەبەر نزیکییان لە شوێنی دۆزینەوەی نوسراوەکە. گرنگی مێژویی، ئەگەر ئەم پەرستگای نیشبا لە ناوچەیەکی دەرەوەی سیموروم دروست کرابێت، ئەوا ئەمە نیشانەیەکی گرنگە لە سیاسەتی پاشا ئیدیسین بۆ دروستکردنی ناوەندێکی ئاینی گشتی بۆ هەمو گەلەکانی ئیمپراتۆریەتەکەی (Ahmed, 2012, 293).

**نێرخوداوەند نیشبا - Nišba:** نیشبا خوداوەندێکی گرنگی ناوچەکە بوە، لە هەر چوار نوسراوە شاهانەیەکەی سیموررۆم، وەک نوسراوەکانی (بێتواتە، قودس، سارپول و هەڵەدنی) دەردەکەوێت. ناوی نیشبا بەپێی (شافەر - Shaffer و واسێرمان - Wasserman) دەشێت وەک (نیشپا - Nišpa) بخوێندرێتەوە، ئەم ناوە خودایە پەیوەندی بە چیای (نیش/سپی - Niš/spi) هەیە کە لە نوسراوەکانی ئاشوری نوێ باسکراوە، کە بە ئەگەری زۆر یەکێک بوە لە چیاکانی نزیک ناوچەی سیموررۆم.





وێنەی ژمارە ٢: نوسراوی و ڕیلیفی ئیدیسین بەرامبەر مێخواوەندێک وەستاوە، لە مۆزەخانەی ئیسرائیل پارێزراوە

بەپێی ئاماژەکان بۆ "بە-ئێل-شو" (ڕێزەکانی ١٠ و ٨٧) و "بە-لی-شو" (ڕێزی ١٠٠)ی نوسراوەکەی هەڵەدنی، "نیشبا - Nišba" خوداوەندێکی (نێر) بوە، نابێت لەگەڵ (نیسابا - Nisaba)ی خوداوەندی (مێ)ی دانەوێڵەی سۆمەریەکان تێکەڵ بکرێت. لەلایەکی دیکەدا خوریەکان وەک دانیشتوانی سەرەکی سیموررۆم بون خوداوەندی دانەوێڵەیان (کومورۆێ) (یان کومارِبی) بوە.[٧]

کۆنترین ئاماژەی زانراو بۆ نیشبا لە ناوی کەسی (کا-نیشبا – Ka- Nišba) پاشای سیموررۆم دایە، کە تۆمارکراوە وەک یاخیبو دژی (ئێریدا-پیزیری - Erridu-pizir) گوتیۆم. هەروەها ناوی نیشبا وەک ناوی چیایەکی پیرۆز لە نوسراوەکان دەردەکەوێت. ناوی چیاکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە میتۆلۆژیای خوری هەیە (Ahmed, 2012, 259).

**شاخی نیشبا:** ئەو شاخەی کە بە ناوی "نیشبا" ناسراوە، وا دیارە هەمان ئەو شاخەیە کە لە سەرچاوەکانی ئاشور-ناسیر-پالی دوەم (٨٥٩ – ٨٨٤ پ.ز) (RIMA 2, 207: 74) بە ناوی "شاخی نیشپی" هاتوە. بەراوردکردنی ناوە کۆنەکانی شوێنەکان کە لە ڕێڕەوی هەڵمەتەکەی نوسراوەکانی ئاشور-ناسیر-پال دوەم هاتون، لەگەڵ ناوە نوێیەکانی شوێنەکان لە ناوچەی باکوری ڕۆژهەڵاتی سلێمانیی ئێستا، ڕێگە دەدات بە شێوەیەکی کاتی شاخی نیشبا/نیشپی لەگەڵ لوتکەی بەرچاوی شاهۆبەدین کە لە (٣٤ کیلۆمەتری) باکوری ڕۆژهەڵاتی سلێمانی هەڵکەوتوە (نەک ئەورامان داغ – Avroman Dag) وەک لەلایەن سپایسەر پێشنیار کرابو و لەلایەن لیڤەرانی دوبارە کرابووەوە) یەکسان بکرێت. ئەگەر ئەم ناسینەوەیە ڕاست بێت، ئەوا هەندێک زانیاریمان دەست دەکەوێت سەبارەت بە قەبارەی ئەو هەرێمەی کە لەلایەن سیموروم لە سەردەمی بابلی کۆن (١٥٥٩ – ١٨٨٠ پ.ز) کۆنترۆڵ کرابو (Frayne, 2011, 509).

نوسراوەکانی بێتواتە (١، ٢ و ٣) نوسراوەکان تایبەتە بە هێرشی (زابازونای کوڕی ئیدیسن)ی پاشای (سیموروم) بۆ سەر شاری (کولوننوم)دا[٨]، ئەم سێ نوسراوە نزیکەی یەکسانە، هەریەکەیان تایبەتن بە خوداوەندێکی جیاواز. بۆ یادی سەرکەوتن بەسەر شاری کولونومی 'یاخیبو' تۆمارکراون. نوسراوەکان بە ناو و نازناوی ئیدیسین، پاشای سیمورم دەست پێدەکەن، دواتر ناوی کوڕەکەی، زابازونا، کە پێدەچێت لە مەیدانەکەدا وەک فەرماندەیەکی سەربازی بە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی باوکی، پاشا، ئەرکەکەی بە ئەنجام گەیاندبێت. نوسراوەکان لە بەردی سنجیان لە بێتواتە دۆزراونەتەوە. ئێستا لە مۆزەخانەی عێراق لە بەغدا هەڵگیراون (Ahmed, 2012, 282).یەکێک لە دەقەکانی بێتواتە:

*١-٣) ئیدیسین، پاشای بەهێز، پاشای سیموررۆم، ٤-٥) زابازونا کوڕی ئەوەیە. ٦-١١) کولونوم یاخی بو و جەنگی دژی زابازونا کرد. ١٢-٢١) خواوەندانی ئاداد، ئیشتار، و نیشبا گوێیان لە وتەکانی زابازونا بو؛ ئەو شاری کولونومی وێران کرد و پیرۆزی کرد بۆ ئەو خواوەندانە. ٢٢-٢٥) ساتێکی خواوەندی عشتاری، خاتونەکەی، دانا (دەقی ٢: ساتێکی خواوەندی ئاداد، گەورەی خۆی دانا؛ دەقی ٣: تەختێکی*

*خواوەندی نیشبا، گەورەی خۆی، دانا). ٢٦-٣٣) ئەوەی کارەکەم لای دەبات، یان نوسینەکەم دەسڕێتەوە، یان بەهۆی نەفرەتەکەیەوە (لێرەوە، تەنها دەق ١) هانی کەسێکی تر دەدات (بۆ ئەنجامدانی ئەمە)، ٣٤-٥٣) با خواوەندانی ئانوم، ئێنلیل، نینهورساگ، ئێا، سین، و ئاداد، گەورەی چەک، شاماش، گەورەی بڕیارەکان، ئیشتار، خاتونی شەڕ، نینسیانا، خوداوەندی من، (و) خواوەندی نیشبا، گەورەی من، نەفرەتێکی خراپی لێ بکەن. ٥٤-٥٧) با تۆوی ئەو لەناو ببەن و بنچینەکەی هەڵبکەنن. ٥٨-٦٦) با میراتگر یان نەوەی پێ نەبەخشن. با ژیانی بکەوێتە بەر نەفرەت. وەک بارانی کشتوکاڵ (کات)، با لەبەردەم گەلەکەی بێزراو بێت* (Ahmed, 2012, 284).

لۆگۆگرامی ناوی خوداوەندەکان لە نوسراوە شاهانەیەکانی سیموررروم "نوسراوەکانی (بێتواتە ١، ٢ و ٣)، نوسراوی (سەرپول)، نوسراوی (قودس) و نوسراوی (هەڵەدنی)". بەرمەبنای خاڵی حەفتەم لەو توێژینەوەیە، کە تایبەتمەندی تیۆنیمی خوداوەندە خورییەکان ڕونکراوەتەوە، دەکرێت پێشنیاری ئەوە بکەین، تیۆنیمی خوداوەندەکان کە لە دەقە شاهانەیەکانی سیموررروم هاتوە مەبەست خوداوەندە خورییەکان بوە. لەسەرەوە ناوی خوداوەندەکان ڕونکراوەتەوە.

سەبارەت لۆگۆگرامی ناوی خوداوەندەکان لە نوسراوەکانی (بێتواتە ١، ٢ و ٣) بە چەند شێوەیەک خوێندراوەتەوە، دۆگلاس فرەین، ناوی خوداوەندەکانی زریان و جەنگ بە ($^{d}$IŠKUR) و ($^{d}$INANNA) بەوشێوەیە وەرگێڕاوە (1990, 708)، کەچی عەبدولهای فوادی ناوی خوداوەندەکان بە ($^{d}$adad) و ($^{d}$ištar) خوێندۆتەوە (1978, 125)، هەروەها شافێر و وایسێرمان ناوی خوداوەندەکان بە ($^{d}$IŠKUR) و ($^{d}$INANNA) بەوشێوەیە خوێندۆتەوە (2003, 7). لە لایەکی دیکەدا، لە نوسراوەکەی هەڵەدنی (SM 16) لە دێری حەفتەم (NUN $^{d}$INANNA) هاتوە، لەو بارەیەوە کۆزاد ئەحمەد شرۆڤەی ئەو دەقە، بەوشێوەیە دەکات، (NUN) نیشانەی یەکەم ئاماژە بۆ وشەی سۆمەری NUN دەکات واتای "میر" و (INANNA) دەکرێت وەک مێخوداوەندی خوری "شاوشکا - Šauška" بخوێندرێتەوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە شانشینی سیموررروم پاشا و زۆرینەی دانیشتوانەکەی خوری بون (2012, 261).

**نۆیەم خوداوەندەکانی خێزان و ماڵ:** ئەم خوداوەندانە بەهۆی ڕۆڵی خۆیان لە ژیانی خێزاندا دەپەرستران، دڵنیابون لە خۆشگوزەرانی ماڵ و منداڵ و پەیوەندییەکان. بانگەوازیان بۆ دەکرا بۆ نیعمەت لە هاوسەرگیری و هاوسەنگی خێزانیدا. شاوشکا وەک مێخوداوەندێکی پان-خوری بو (Archi, 2013, 8)، پەیوەندی بە خۆشەویستی و ئارەزو و سێکس و ژیانی خێزانەوە هەیە. ئەو کەسایەتییەکی سەرەکی بو لە دەستەبەرکردنی هاوسەنگی و بەردەوامبونی هێڵی خێزان. پێیان وابوە کە شاوشکا دەیتوانی کاریگەری لەسەر سەرکەوتن یان شکستی هاوسەرگیرییەکان دابنێت (Beckman, 2016, 1). (هەڵبەتە شاوشکا تایبەتمەندی دیکەشی هەبوە، وەک خواوەندی چارەسەری نەخۆشیش دانراوە، کاتێک ناردیان بۆ میسر تا ئامنهۆتێپی سێیەم (١٣٩٨ – ١٣٦٧ پ.ز) چارەسەر بکات).

**دەیەم خوداوەندی شاخەکان:** لەم گروپەدا، ئەو خوداوەندانە دەگرێتەوە کە پەیوەست بون بە شاخ و سروشتەوە بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیای خورییەکانەوە شاخ پێگەیەکی گرنگی هەبوە لە لایان و چەند خوداوەندێک تایبەتمەندی شاخیان هەڵگرتوە. وەک لە دایک بونی نێرخوداوەند (تاشمیشو - Tašmišu) برای تێشوب (Frühwirt, 2024, 175)، کە تاشمیشو لە تۆی ئانو و لە چیای کانزورا لە دایک بوە، دەبێتە یارمەتیدەر و برا گەورەی خودای ڕەشەبا. لە "گۆرانی دەرچون" هاتوە، کاتێک کوماربی دوای شەڕ(ئانو)ی بەزاند و بەشێکی جەستەی بری (ئەندامی زاوزێ). ئەمەش بوە هۆی ئەوەی کە کوماربی بە چەند خوداوەندێک دوگیان بێت، وەک ( تێشوپ نێرخوداوەندی زریان) و (ڕوباری ئارانزاخ - Aranzaḫ) (دیجلە)، و (خوداوەند تاشمیشو - Tašmišu). بەڵام تەنها دو یەکەمیان لە سەری کوماربییەوە لەدایک دەبن. کوماربی بەشێک لە تۆوی ئانو بەسەر چیای (کانزورا – Kanzura)دا دەڕێژێت، بەمەش چیاکە "ئاوس" دەبێت و تاشمیشو لە دایک دەبێت. ئەمەش یەکەم نمونەی "چیای ئاوس"ە لەم میتۆلۆژیایەدا. (Fries, 2021, 132)

نێرخوداوەندی شاڕوما – Šarruma، ڕەگوڕیشەی سەر بە کەلتوری خورییە بە کوڕی تێشوپ و خێپات دادەنرا (Wilhelm, 1989, 50)، پێگەی شاڕوما لە پانتیۆندا یەکێکە لە خوداوەندە سەرەکییەکان کە لە هەردو بەردە نوسی (کولولو ٥ - KULULU 5) و (چیفتلیک - ÇİFTLİK) دەرکەوتوە. ئەو یەکێکە لە سێ خوداوەندە نێرینەکەی سەرەوەی پانتیۆنەکە (تارخونت، ئیا، شاڕوما). شاڕوما بە خوداوەندی چیا وگا ناسراوە. شاڕوما ئامادەبونی لە هەردو لیستی خوداوەندان لیستی کولولو ٥ و چیفتلیک دەرکەوتوە، کە نیشانەی گرنگی و بەردەوامی ئەو خوداوەندەیە لە سیستەمی ئاینی ناوچەکەدا (Frühwirt, 2024, 167).
خوداوەند شاروما - Šarruma لە تەبەلدا بە باشی پشتڕاستکراوەتەوە (Simon, 2020, 192)، ناوچەی تەبال لە ناوەڕاستی ئەناۆڵ، لە باکوری کیلیکیا (Frühwirt, 2024, 165)، خوداوەند شاروما پاشای شاخ لە لیستی (ANCOZ 1, 9) وا هاتوە. ئەو خوداوەندە لە تەبالدا ناوبانگێکی زۆری هەیە و لە چەندین دەق و ناوی تیۆفۆریدا سەلمێندراوە (Frühwirt, 2024, 175). هەوەرەها نازناوی گۆلکی نێرینەی تێشوپی بەدەستهێناوە(Wilhelm, 1989, 50). لە لایەکی دیکەدا، خوداوەندەکانی چیا، حەزی (Hazzi) و هەروەها نامنی (Namni) پەیوەندییان بە تێشوپ  هەیە (Archi, 2013, 12).




وێنەی ژمارەی ٣: ڕیلیفی خوداوەندەکان لە ژوری A یەزلیکایە.

خوداوەندەکانی شاخ (نامنی و هازی) لە ڕیلیفی یەزلیکایە دەردەکەون. ڕیلیفی یەزلیکایە نەخشەکان لەسەر دیوارە نێو دو کۆڵان دروستکراون، کە بە ژورەکانی (A و B) ناسراون. ژوری A، نزیکەی (٣٠ مەتر) درێژە. ئەم ژورە (٦٤ پەیکەری) خوداوەندەکان لەخۆدەگرێت، کە هەمویان ڕویان لە باکورە. جگە لە دو پەیکەر، هەمو خوداکانی لای چەپ نێرینەن؛ خوداکانی لای ڕاستیش مێینەن جگە لە یەک پەیکەر. وا دەردەکەوێت کە لە هەردو لادا بەرەو ڕوتەختەی گرنگی باکوری ڕێپێوان دەکەن، کە تیایدا خوداوەندە باڵادەستەکان یەکتری دەبینن. خوداوەندی ڕەشەبای خوری تێشوپ لە لای چەپ (نەخشی ٤٢)، کە لەسەر شانی خوداوەندەکانی شاخ (نامنی و هازی) وەستاوە، هاوسەرەکەی خوداوەندی خوری خێبات لە لای ڕاست (نەخشی ٤٣)، کە لەسەر پشتی پڵینگێک وەستاوە[٩]. لە دواوەی خوداوەندی شاخ شاڕوما نەخشێنراوە کە لەسەر پشتی پڵنگێک ڕاوەستاو (Haas, 1994, 390).
هەروەها (لێللوری - Lelluri) وەک مێخوداوەندی شاخ و سروشت بوە کە لە ناوچەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتی میسۆپۆتامیا و ئەنادۆل ڕێزی لێگیراوە، بە تایبەتی کولتی مێخوداوەند لێلوری لە ناوچەی (ئامانوس و ئۆرۆنتێس) لە ڕۆژاوا تا (سەرەوەی فورات) لە ڕۆژهەڵات بڵاوبوەتەوە. ناوی "لێللوری" پەیوەندییەکی بەهێزی بە  زمانی خوری هەیە، وشەی "-لوری" وەک پاشگرێک لە زۆر ناوی دیکە بە کارهاتوە وەک: شاخەکانی  (ئێللوری، شاخی ئادالوری)، ناوەکانی (ئوپێللوری، ئیمپالوری، هودێلوری) ناوی بەردی (لوللوری). ئەم دوبارەبونەوەی توخمی "لوری" لە ناوەکاندا ئاماژەیە بۆ گرنگی ئەم خواوەندە لەلای خورییەکان. لە ڕێوڕەسمی (ھ/یشوای - ḫ/išuwa)  دا، کە تێیدا ئاینی مێخوداوەدەکە گرنگییەکی گەورەی هەیە،

خواوەندە باب و باپیرەکان "خواوەندەکانی باوکی لێللوری" دەپەرسترێن (Haas, 1994, 409-410). لێللوری بەتایبەت لە فێستیڤاڵی (هـ)یشوای کیزواتنادا ڕۆڵێکی بەرچاو و گرنگی هەیە (Pongratz-Leisten, 2015, 71).

## ٣. ڕۆڵی ئەفسانە لە تێگەیشتن لە پانتیۆنی خوری

### ١.٣ ناساندنی ئەفسانەی ئاینی خوری

ئەفسانە بەشێکی دانەبڕاوە لە ژیانی مرۆڤ، گرنگی زۆری هەیە بۆ ڕونکردنەوەی بیروباوەڕی نەتەوە کۆنەکان. دەربارەی پێناسەی ئەفسانە تێڕوانینی جۆراوجۆر هەیە، سروشتی بەردەوامی مشتومڕ لەسەر پرسی (ئەفسانە چییە؟)، بەشێکی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە "مێژویەکی گشتی" یان "تیۆرێکی جیهانی" بۆ ئەفسانە بونی نییە. بۆچی پێناسەکردنی ئەفسانە ئەستەمە (Saraieva, 2023, 3)، لەبەر فرەڕەهەندی ئەفسانە لە بوارە جیاوازەکاندا واتای جیاوازی هەیە، لە فەلسەفە، ئاین، مێژو، ئەدەب، و کۆمەڵناسیدا بە شێوەی جیاواز تێگەیشتنی لێ دەکرێت. لێرە ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە، ئەفسانەیە لە بواری تێگەیشتنی ئاینی (Sacral Context)، کە ئەم جۆرە ئەفسانانە زۆرجار پەیوەندییان بە ئاین و بیروباوەڕی کۆنەوە هەیە، ئەفسانە وەک چیرۆکی پیرۆز لە ڕوانگەی ئەنتروپۆلۆژی و کلتوری چیرۆکی خوداوەندەکان، بونەوەرە سەرو سروشتییەکان و پاڵەوانان. یاخود ڕونکردنەوەی سەرەتاکان، دیاردە سروشتییەکان، هۆکاری بونی نەریتەکان (Bernhard & et al, 2019, 12). وەک سوڕی کۆماربی لە پانتیۆنی خورییەکان.

بەشێوەیەکی گشتی فەلسەفەی سروشتی میتۆلۆژیای جیهانی کۆن پێکهاتەی سیستەمێکی ئاڵۆزن کە دەرخەری بیروباوەڕی ئاینی و فەلسەفی ئەو شارستانیەتە کۆنانە. ئەم ئەفسانانە لە چەندین شێوازی ئەدەبی جیاوازدا دەردەکەون:

- سرودە ئاینیەکان بۆ ستایشی خوداوەندەکان
- شیعری شاهانە بۆ پاساودانی دەسەڵاتی پاشاکان
- لاوانەوە و گریان بۆ ڕوداوە ناخۆشەکان
- نزاکان
- دەقە سیحراوی و ئاینیەکان
- ئەدەبی حیکمەت و پەندی پێشینان

گرنگیدان بە پاڵەوانە ئیلاهییەکانی ئەفسانە، لە ڕاستیدا مرۆڤەکان لە گێڕانەوەی ئەفسانەییدا زۆر کەم دەردەکەون و خوداوەندەکانیش لەگەڵ یەکتر و بونەوەرە سەرو سروشتییە جۆراوجۆرەکان و ئاژەڵان و جیهانی سروشتیدا کارلێک دەکەن. هەرچەندە مرۆڤەکان زۆرجار پاڵەوانی ئەفسانە نین، بەڵام مرۆڤایەتی و بارودۆخی مرۆڤ لەم دەقانەدا، لە ڕێگەی سیفەتە ئەنترۆپۆمۆرفیکەکانی (anthropomorphic)[١٠] خوداوەندەکان و وردە گەردونی جیهانی کۆمەڵایەتی خۆیانەوە ڕەنگ دەداتەوە، هەروەها لە ڕێگەی ڕەنگدانەوەی ڕون لەسەر سروشتی مرۆڤایەتی و ژیانی مرۆڤایەتییەوە (Pryke, 2016, 7).

**ئەفسانە خورییەکان - Hurrians Myth:** ئەفسانەکان بە یەکێک لە پایە گرنگەکانی بیروباوەڕی ئاینی خورییەکان دادەنرێت، بەتایبەتی سوڕی کوماربی (Kumarbi Cycle)، یەکێک لە گرنگترین و دێرینترین ئەفسانەکانی مێژوی شارستانیەتی کۆن. ئەم سوڕە چیرۆکەکان باسی شەڕ و ململانێی نێوان خوداوەندەکان دەکەن، بەتایبەتی نێوان کوماربی و تێشوپ، کە دو خوداوەندی گرنگی پانتیۆنی خورییەکان بون.

خورییەکان نزیکەی ٥٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر لە باکوری میسۆپۆتامیا و لە باکوری سوریای ئێستادا نیشتەجێ بون. ئەوان نوسینی مێخیان بەکارهێنا بۆ نوسینی زمانەکەیان، لە ناوەڕاستی هەزارەی دوەمی پێش زایین لەگەڵ سەرهەڵدانی شانشینی

میتانی خوری، ئەفسانە و خوداوەندانی پانتیۆنی خوری لە ڕوباری دیجلەوە تا دەریای ناوەڕاست و ئەنادۆڵی ناوەڕاست ناسرابون.

شاری ئۆرکیش، گرنگترین شارە لە میتۆلۆژیای خورییەکاندا، کەماڵی خوداوەند کوماربی بوە. کوماربی فەرمانڕەوای شاری ئورکیش دەکات. لە ساڵی (١٩٤٨ز ) دو شێری برۆنزی لە بازاڕی شوێنەوارناسی دەرکەوتن، شێرەکان نوسراون بە دەقێک تێیدا پاشایەک بە ناوی (تیش-ئاتال Tiš-ata) (Jeffers & Novotny, 2014, 17) شانازی بە دروستکردنی پەرستگایەک لە ئورکیش دەکات. هەروەها لە دۆزراوە شوێنەواریەکانی ئەو شارە چەندین شوێن مۆری دەرکەوتوە کە ناو و ناونیشانی پاشای خوری دەدەن، "توپکیش، ئیندان (پاشا)ی ئورکیش" (Buccellati & Kelly-Buccellati, 2007, 141). کەواتە ئەو شارەیە، کە لە ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆندا بە هۆی میتۆلۆژیای جوانی خورییەکانەوە ناوبانگی دەرکردوە (Buccellati & Kelly-Buccellati, 2001, ١٨).

**١–٦) تیش-ئاتال، _ئێندان_ی ئورکێش، پەرستگای خوداوەندی نیرگاڵ (کوماربی) دروست کرد.**

**٧–١٠) با خوداوەندی لوباداگا (نوپاتیک) ئەم پەرستگایە بپارێزێت.**

**١١–١٤) ئەو کەسەی کە ئەم پەرستگایە تێکدەشکێنێت، با خوداوەندی لوباداگا (نوپاتیک) تێکی بشکێنێت.**

**١٥–١٧) با خوداوەندی (کەش؟) نزای ئەو نەبیستێت.**

**١٨–٢٥) با خاتونی ناگار، خوداوەندی خۆر، (و) خوداوەندی زریان(؟) ... ئەو کەسەی کە تێکی دەشکێنێت.**

دەقی نوسراوەکەی تیش-ئاتال دەربارەی دروست کردنی پەرستگایەک بۆ خوداوەند نیرگاڵ/کوماربی لە شاری ئورکیش (Frayne, 1997, 464). جۆرجیۆ بوچێلاتی نوسراوە شاهانەکەی (Atal-šen) و (Tiš-atal) گریمانەی ئەوە بەکراوەیی دەهێڵێتەوە کە ناوهێنانی (نیرگاڵ - Nergal) ڕەنگە لۆگۆگرامی ناوی خوداوەندی خوری (کوماربی - Kumarbi) بێت (Buccellati, 2024). لەلایەکی دیکەدا، ئورکیش لە دەقەکانی حیتی لە حاتوشا، زۆرجار وەک شاری خوداوەند کوماربی ناوبراوە (Wilhelm, 2015, 417)، هەروەها لە دەقی ئەفسانەکانی سوڕی کوماربی ئۆرکیش وەک شاری کوماربی هاتوە.



وێنەی ژمارە ٣: دو شێرەکەی ئۆرکیش لە مۆزەخانەی لۆڤەر پارێزراون (Louvre tablet, AO 19938)


لە ئەنجامی بەردەوامی پشکنینە شوێنەوارییەکانی ئۆرکیش لە ساڵی (١٩٨٤ز) پەرستگایەکی گەورە دۆزرایەوە کە نزیک ڕوی زەوی لە سەرەوەی گردەکە ڕاکشابو، کە نزیکەی (٨٠ پێ) لە دەشتی دەوروبەری بەرزترە. مێژوی ئەم پەرستگایە بەهۆی مۆری چاپکراوی پەیوەندیدار و قاپوقاچاغەوە دەرکەوتوە.

هەروەها دۆزینەوەی سەکۆیەکی گەورەی بەردین و خشت (زیگورات-ئاسا ziggurat-like) کە مێژوەکەی بۆ (٢٧٠٠ پ.ز) دەگەڕێتەوە، سەکۆیەکە بەرزاییەکەی ئەوەندە زۆر بوە کە دەتوانرا لە دورەوە ببینرێت، نیشان دەدات کە خورییەکان توانای ئەندازیاری و بیناسازی پێشکەوتویان هەبوە بۆ دروستکردنی بینای بەرز و بەهێز. لەسەر ئەم سەکۆیە پەرستگایان دروست کردوە کە نیشانەی باوەڕی ئاینی پێشکەوتو و ڕێکخراو بوە. هەروەها بونی ئەو پەرستگا گەورەیە نیشانەی کۆمەڵگایەکی ڕێکخراوە کە دەسەڵاتێکی ئاینی و سیاسی بەهێزی هەبوە.

لەلایەکی دیکەدا، ئەفسانەکان خۆیان وەسفی شوێنێکی ڕەسەن دەکەن کە لە ناوەڕاستیدا شاخ و شارەکان یەکدەگرنەوە، ئەم جەختکردنەوە لەسەر شوێنێکی دیاریکراو ڕەنگە ڕونکەرەوەی ئەوە بێت کە وەرگێڕانی حیتییەکان بۆ ئەفسانە خورییەکان بە وردی شوێنەکانی باکوری میسۆپۆتامیای پارێزەوە. بە مانایەکی تر، ئەم دەقانە تەنها بە زمانی خوری نەنوسراون؛ بەڵکو جیهانێکی فیزیایی تایبەتیش دەردەخەن. ئەفسانەکان نەک تەنها زمانەکەی خورییە، بەڵکو پێگەی شاری ئورکیش ڕۆڵێکی ناوەندی لەم ئەفسانەدا هەیە (Buccellati & Kelly-Buccellati, 2001, 19 – 25).

**(ئابی - ābi) چییە؟**

ئابی ڕێڕەوێکی خورییە بۆ جیهانی ژێرزەوی، ئابی چاڵێکی هەڵکەنراو لە زەویدا بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ هێزەکانی ژێرزەوی (Laroche, 1980, 34). پێکهاتەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش چاڵێکی بەردی گەورە و قوڵە کە ڕۆحەکانی جیهانی ژێرزەوی لەلایەن کەسێکەوە بانگکرابون، توانای لێکدانەوەی دەنگە چرچ و لۆچەکانیان هەبو. سەرسوڕهێنەرە بەهۆی ئەو مانایە ئاینییە چڕانەی کە هەڵیگرتبو، پێکهاتەکە هێشتا کاریگەری قوڵی لەسەر سەردانکەر هەیە بەهۆی مۆنۆمێنتالیەتییەکەیەوە، بە تەواوی بە باشی پارێزراوە.



وێنەی ژمارە ٤: ڕاڕەوی (ئابی - ābi) جیهانی ژێرەوەی ئورکیش. (Collins, 2004, 54 -55)

ئاین، وەک دیاردەیەکی نامادی هاوبەشی لە پێکەوەبەستێتەوەی کۆمەڵگا دەکات. ئاین وەک زمان، هەستی هاوبەشی لە نێو کۆمەڵگە بەهێز دەکات. هاوشێوە لە سیستەمی ئاینی لە شوێنێکی وەک ئورکیش، چونکە ئورکیش شوێنێکی ئارکیۆلۆژییە کە سیستەمێکی ئاینی تایبەتی هەیە، تێیدا ئەم سیستەمە ئاینییە لە چەند بەش پێکدێت و بەیەکەوە

کاردەکەن بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگاکەدا. یەکێک لە گرنگترین بەشی چاڵێکی گەورەی ژێرزەویە، بە زمانی خوری پێی دەگوترێت (ئابی- ābi)، ئەم شوێنە بۆ ڕێوڕەسمی پەیوەندیکردن بە ڕوحەکانی جیهانی ژێرەوە (Netherworld) بەکارهاتوە (Buccellati, 2013, 86).
تاریکی سروشتی ئەو ڕێوڕەسمانەی کە لە ābi دا ئەنجام دراون، چەندین تایبەتمەندی بەرچاوی ئەو ڕون دەکەنەوە. تاریکی گونجاوە بۆ شوێنێک کە ئامانجی پەیوەندی کردنی مرۆڤەکانە لەگەڵ جیهانی ژێرەوە. هەروەها پلیکانە تیژەکە ماناداره ئەگەر بیر لە سەکۆی سەرەوەی بکەینەوە وەک هاوتای دەرگایەکی بنمیچ - کە بە ئاسایی بە بەردی گەورە داخراوە بۆ ڕێگری کردن لە ڕۆحەکانی جیهانی ژێرەوە کە بە ویستی خۆیان سەر هەڵبدەن. شوێنەوارە دۆزراوەکانی (ئابی - ābi) زۆر جێگای سەرنج بون. یەکێکیان دەفرێک بە شێوەی بەراز، هەروەها لەگەڵ دۆزینەوەی ئێسکی بەرازە بچوکەکان دەگونجێت، دەقە خورییەکان کە پێمان دەڵێن کە ئەم ئاژەڵانە لە بازنە بۆشەکاندا قوربانی کراون بۆ بانگکردنی خوداوەندەکانی جیهانی ژێرەوە. دوەمیان دۆزینەوەی دەفرێکی ئەنترۆپۆمۆرفیک (بە شێوەی مرۆڤ) نیشان دەدات، شێوەکەی وەک ژنێکی ڕوتە کە گۆزەیەکی لەسەر سەرە و شێوازی دەمی ژنەکە گرنگە، چونکە دەمەکەی شێواو یان ناتەواوە. ئەم شێوازی دەمە لاسایی دەنگی ڕوحەکان دەکاتەوە کە وەک چریکەی باڵندە یان پرتەپرت ناسێندراوە. ئەمە پەیوەندی هەیە بە ڕۆڵی میدیۆمەکان (کەرستە یا هۆی گەیاندن، کە زۆربەی کات ژن بون) بەکارهاتون بۆ ڕاڤەکردن و وەرگێڕانی دەنگی ڕوحەکان لەو جۆرە ڕێوڕەسمانەدا (Khalaf, 2021, 269).



وێنەی ژمارە ٥: دو پارچە شوێنەوارییەکەی ڕاڕەوی (ئابی - ābi) جیهانی ژێرەوەی ئۆرکیش (Buccellati, 2013, 88).

دۆزینەوەی گرنگ لە ڕاڕەوە قوڵەکەی (ābi) کاریگەری لەسەر تێگەیشتنی شوێنەوارناسەکان هەیە، یەکەم دۆزینەوەی دەفرێک لە شێوەی بەراز، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ئێسکی بەرازە بچوکەکان هەیە. پشتڕاستی دەکاتەوە کە قوربانیدانی بەراز بەشێکی گرنگی ڕێوڕەسمەکان بوە. نیشان دەدات کە قاپەکە ڕەنگە بەکارهاتبێت بۆ پێشکەشکردن یان بەکارهێنان لە ناو ڕێوڕەسمەکاندا. پەیوەندی لەگەڵ ڕێوڕەسمەکانی پەیوەندی کردن بە جیهانی مردوان، ئەم دۆزینەوانە پیشانی دەدەن کە شوێنەکە بۆ پەیوەندی کردن بوە لەگەڵ دنیای ڕوحەکان و جیهانی ژێرەوە، ئەم دۆزینەوانە پشتڕاستی دەکەنەوە کە شوێنەکە (ābi)یەکی ڕاستەقینە بوە وەک لە دەقە خورییەکاندا باس کراوە. ئەم بینا ئاینییە سەر بە هەزارەی سێیەمی پێش زایینە و یەکێکە لە باشترین نمونەکانی بیناسازی ئاینی، هەروەها، ئەم سیستەمە ئاینییە لەگەڵ نەریتەکانی میسۆپۆتامیا جیاوازە، وەک ڕێوڕەسمەکانی ئەم شوێنە زۆر جیاوازن لە نەریتەکانی میسۆپۆتامیا. لایەنێکی تایبەتی پانتیۆنی خورییەکان بوە. ئەم جیاوازییەش بە تایبەتی لە دەقە خورییەکاندا دیارە، کە باسی ڕێوڕەسمە جیاوازەکان دەکەن. هەروەها ئەم دیاردانە وەک میکانیزمی بەهێزی بەستنەوە کار دەکەن، چونکە لە ناو سیستەمێکی ئاڵۆزدا ڕێکخراون کە هەر بەشێک

پشت بە بەشەکانی تر دەبەستێت. قبوڵکردنی پەیوەندی هەمو ئەم دیاردە بەرجەستانە بە ئاستێکی نامادی باڵاتر، هەستی هاوپشتی بەهێزتر دەکات، بە تایبەت کاتێک هەندێک لە مەبەستەکان کەمتر ڕونن ("نهێنین") (Buccellati, 2013, 87).

## ٢.٣ سوڕی کومارڤی (Kumarbi Cycle):

سوڕی کومارڤی میتۆلۆژیایەکی فرە ڕەهەندە، بە تایبەتی لە چوارچێوەی ململانێی دەسەڵات لە نێوان خوداوەندەکان، باسی شەڕ و پێکدادانی نێوان خوداوەندەکان دەکات. کومارڤی خوداوەندێکی کۆنە کە هەوڵدەدات دەسەڵاتی خۆی لە ئاسمان و زەوی بپارێزێت، بەڵام تێشوپ، خوداوەندێکی گەنجتر و بەهێزترە، هەوڵدەدات دەسەڵاتی لێوەربگرێت. ئەم ئەفسانانە بە شێوازی گۆرانی (Song) نوسراون، وەک "گۆرانی کومارڤی" و "گۆرانی ئولیکومی". ئەم گۆرانییانە بە شێوەیەکی شیعرانە و دراماتیک باسی ڕوداوەکان دەکەن. ڕیزبەندی چیرۆکەکان پێشنیارکراوە، کە "گۆرانی کومارڤی" سەرەتای سوڕەکەیە. دواتر چیرۆکەکانی وەک "گۆرانی زیو"، "گۆرانی خێدامو"، و "گۆرانی ئولیکومی" دێن (Hoffner, Jr, 1998, 40 – 42).

دەستپێک، لە سەردەمێکی زو خوداوەند (ئالالو -Alalu) پادشای ئاسمان بو و (ئانۆ - Anu) وەزیری بو. دوای (٩ ساڵ) ئانۆ هێرشی کردە سەر ئالالو و ڕایکردە ناو زەوی تاریک، خۆی بو بە پادشای ئاسمان و (کومارڤی - Kumarbi) وەک وەزیری نوێ. دوای (٩ ساڵ)ی تر، کومارڤی شۆڕشی دژی ئانۆ دەکات بۆ تۆڵەسەندنەوەی ئالالو. ئانۆ پەنا بۆ ئاسمان دەبات، بەڵام کومارڤی دەیگرێت و دەیباتە خوار. لە شەڕەکەدا، کومارڤی ئەندامی نێرینەیی ئانۆ قوت دەدات (Speiser, 1942, 99). لێرەوە دەچێتە نێو ململانێی گۆرانی ئەفسانەکان.

ئەو بەڵگەنامانەی کە لە (حاتوشا) پایتەختی حیتییەکان دۆزراوەتەوە، چەندین کۆمەڵە ئەفسانەی تێدایە سەبارەت بە پاڵەوان و خوداوەندەکان. بەڵام لە گرنگترین گروپی ئەو ئەفسانانەدا، پاڵەوان و خوداوەندەکان حیتی نین، بەڵکو خوریین و چیرۆکەکانیان لە باکوری میسۆپۆتامیا و سوریادا ڕودەدەن، واتە لەو ناوچانەی کە خەڵکی خوری زمان تێیدا ژیاون. ئەم ئەفسانانە، کە بە "سوڕی کومارڤی" ناسراون، وەرگێڕانی حیتی بۆ چیرۆکە خورییەکان (Buccellati & Kelly-Buccellati, 2001, 18).

### چیرۆکە سەرەکییەکان:

یەکەم گۆرانی کومارڤی (Song of Kumarbi): ئەمە سەرەتای سوڕەکەیە و باسی شەڕی نێوان کومارڤی و تێشوپ دەکات، کومارڤی هەوڵدەدات دەسەڵاتی خۆی بپارێزێت، بەڵام تێشوپ هەوڵدەدات دەسەڵاتی لێبسێنێت. زنجیرەی ئەفسانەکانی کومارڤی: پێکهاتوە لە گۆرانی کومارڤی، گۆرانی ئولیکومی، گۆرانی زیو، گۆرانی لامما، گۆرانی خێدامو،، سەرچاوەی سەرەکی ئەم ئەفسانانە لە ڕەسەنە خوریانییەکانەوە وەرگیراون (Hoffner, Jr, 1998, 65 – 66).

بەشێک لەسەرەتای دەقی گۆرانی کومارڤی:

***١: (A i 1–4) ... ئەوانەی کە خوداوەندی سەرەتاین، با [... ]، خوداوەندانی گران گوێ بگرن: نارا، ناپسارا، مینکی، (و) ئامونکی! با ئاممەزادو گوێ بگرێت! با [... و ... ]، باوک و دایکی [... ] گوێ بگرن!***

***٢: (A i 5–11) با [... و ... ] باوک و دایکی ئیشارا، گوێ بگرن! ئیلیل و نینلیل، کە [لە خوارەوە] و لە سەرەوە گرانن، خوداوەندی بەهێز، [... ] و ... ، با ئەوان گوێ بگرن! زۆر لەمەوپێش، لە ساڵانی سەرەتایی ئالالو پاشا بو لە ئاسمان. ئالالو لەسەر تەختەکەی دادەنیشت، و ئانوی بەهێز، یەکەمینی خوداوەندەکان، لەبەردەمی ڕاوەستابو. ئەو لەبەر پێی (ئالالوی) چەمایەوە، و جامە مەیەکانی دەخستە دەستییەوە.***

*٣: (A i 12–17) بۆ تەنها نۆ ساڵ ئالالو پاشا بو لە ئاسمان. لە ساڵی نۆیەمدا ئانو جەنگی لەگەڵ ئالالوکرد و ئالالوی شکاند. ئەو (ئالالو) لەبەردەمی هەڵات و دابەزی بۆ زەوی تاریک. دابەزی بۆ زەوی تاریک، و ئانو لەسەر تەختی خۆی دانیشت. ئانو لەسەر تەختەکەی دانیشت، وکوماربی قورس مەی پێدەدا. (کوماربی) لەبەر پێی چەمایەوە و جامە مەیەکانی دەخستە دەستییەوە.*

*٤: (A i 18–24) بۆ تەنها نۆ ساڵ ئانو پاشا مایەوە لە ئاسمان. لە ساڵی نۆیەمدا ئانو جەنگی لەگەڵ کوماربی کرد. کوماربی، نەوەی ئالالو، جەنگی لەگەڵ ئانو کرد. ئانو چیتر ناتوانێت بەرگەی چاوەکانی کوماربی بگرێت. ئانو خۆی لە دەستەکانی (کوماربی) رزگار کرد و هەڵات. بەرەو ئاسمان بەرێکەوت. (بەڵام) کوماربی بەدوایدا رایکرد، قاچەکانی ئانوی گرت، ولە ئاسمانەوە رایکێشا خوارەوە.*

*٥: (A i 25–29) (کوماربی) نێرینەیی (ئانوی) گەست، و "پیاوەتی"یەکەی یەکگرت لەگەڵ ناوەوەی کوماربی وەک برۆنز (ئەنجامەکەی لە یەکگرتنی مس و قەسدیر). کاتێک کوماربی "پیاوەتی"ی ئانوی قوت دا، خۆشحاڵ بو و بە دەنگی بەرز پێکەنی. ئانو ئاوڕی دایەوە و قسەی لەگەڵ کوماربی کرد: "ئایا تۆ لە ناخی خۆتدا دڵخۆشیت لەبەر ئەوەی کە 'پیاوەتی'یەکەی منت قوت داوە؟"*

*٦: (A i 30–36) لە خۆشحاڵبونی ناخی خۆت بوەستە! من بارێکم خستوەتە ناو تۆوە. یەکەم، من تۆم ئاوسکردوە بە خوداوەندی ڕەشەبای پایەبەرز (=تێشوپ). "دوەم، من تۆم ئاوسکردوە بە ڕوباری ئارانزای بێبەرگری. سێیەم، من تۆم پڕکردوە بە تاشمیشوی پایەبەرز. (و) دو خوداوەندی (زیاتری) ترسناکم (لەوانەیە ئا.گیلیم) و (کا.زال) وەک بار خستوەتە ناو تۆوە. لە داهاتودا تۆ بەردەکانی چیای تاسسا بە سەرت دەکوتیت"!*(Hoffner, Jr, 1998, 42 – 43)

**دوەم گۆرانی زیو (Song of Silver):** ئەم ئەفسانەیە باسی چیرۆکی خوداوەندی خوری (Silver)ی کەسیکراو دەکات، کە یەکێکە لە هەوڵەکانی کوماربی بۆ شەڕکردن لەگەڵ تێشوپ، ئەو ئەفسانەیە لە کۆتایی سەردەمی برۆنزدا لە "گۆرانی Silver " هاتوە (James & Sluijs, 2012, 237). گۆرانی زیو، ئەفسانەیەک کە پەیوەندی شار و شاخ نیشان دەدات، نمونەیەکی گرنگە لە ئەدەبیاتی خوری، کە دەکرێت وەک ئالێگۆرییەک (چیرۆکێکی نیشانەیی) کە ڕێک ئەم بارودۆخە ئیتنیکییە نیشان دەدات، کوڕە زیو لە ئورکێش دەنێردرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ دایکی لە ناوچە شاخاوییەکەدا بژیت، کە لەوێ لەگەڵ کوڕەکانی دیکە یاری دەکات، بەڵام هەروەها لەگەڵیان دەکەوێتە ناکۆکیشەوە. باوکی خوداوەند کوماربی لە ئورکێش دەژێت، کە جۆرێکە لە ماڵی باب و باپیرانی. چیرۆکەکە ئاماژە بە جۆرێک لە پەیوەندی خزمایەتی دەکات لە نێوان خەڵکی شاخەکان و خەڵکی شارەکە. خورییە کۆنەکان لەوانەیە پەیوەندی زمانەوانی و ئیتنیکی خۆیان لەگەڵ دارتاشەکان و کانزاکارانی مسی شاخەکان لە ڕێگای گەشتی زیارەتی زیو بۆ ئورکێش ناسیبێتەوە (Buccellati & Kelly-Buccellati, 2001, 26). دەقی چەند پارچەیەک لە گۆرانی زیو - Silver:

*١.١: [لە ناو تێشوپ]، خوداوەندی خۆری ئاسمان، شاوشکا، شاژنی [نینەوا و هەمو خوداوەندەکان]، کەس پەرستنی ئەو ئەنجام نادات، هەرچەندە (ماڵ – mal)ی ئەوگەورەترە لە (ماڵەکانی - mals) ئەوان. وشەی ئەوگەورەترە لە وشەکانی ئەوان، دانایی ئەوگەورەترە لە دانایی ئەوان، جەنگی ئەو و شکۆمەندی ئەو گەورەترن لە هی ئەوان، و هانداتارەکانی (توانا خوداوەندیەکانی) ئەوان گەورەتر نین، لە هانداتارەکانی خۆی.*

*١.٢: ئەوە زیوی جوانە [... ] کە من گۆرانی بۆ دەڵێم. پیاوانی دانا (پێیان وتم [... ی] کوڕی بێ باوک. ئەوە بونی نەبو. لەمێژە [... ی] زیو [نەماوە. و ئەوان درەوشانەوەکەی نازانن. پیاوانی پاڵەوان بۆ جەنگ ڕاپانکرد. فرەڕۆزی بونی نەبو. و دانەوێڵە نەڕوا. [... ] برسی. [ ...]*

*٣: زیو وکوڕە هەتیوەکە*

*لەم دەقەدا، زیو وەکو "وەنومیاس دۆمۆ" وەسف کراوە، کە واتا منداڵێک کە باوکی مردوە یان دیار نییە. زیو وەک "منداڵێکی بێ باوک" ناسێنراوە. خەڵک پێی دەڵێن "هەتیو"، بەڵام لە ڕاستیدا دایکی لەگەڵدایە وگیانی پاراستوە. بەڵام لەو سەردەمەدا، نەبونی باوک لەنگی بوە وکەسێک دەکرا بەم هۆیەوە گاڵتەی پێبکرێت. بەڵکو ئەو شەرمەزار دەبێت کاتێک لە بەرچاوی خەڵکدا بیرۆکەی نەبونی باوکی بۆ دەخەنە ڕو. ئەمە وای لێدەکات زیو پرسیار لە دایکی بکات لەبارەی باوکی، کە لە پارچە ٤دا ڕودەدات. بەشی ١.٣: بە هێز(؟)...*

*بەشی ٣.٢: زیو بە دارێک لە کوڕێکی هەتیوی دا. کوڕە هەتیوەکە وشەیەکی خراپی بە زیو گوت: "ئەی زیو بۆچی لێماندەدەی؟ بۆچی ئێمە دەکێشیت؟ تۆش هەتیویت وەک ئێمە." [ئێستا کاتێک زیو ئەم وشانەی بیست]، دەستی کرد بە گریان. بە گریان، زیو چوە ناو ماڵەکەیەوە. زیو دەستی کرد بە دوبارەکردنەوەی وشانەکە بۆ دایکی: "ئەو کوڕانەی لە بەردەم دەروازەکەدا لێمدان، لێم یاخی دەبن".*

*بەشی ٣.٣: "بە دارێک لە کوڕێکم دا، و ئەو وشەیەکی [خراپی] وەڵامیدامەوە. گوێگرە، ئەی دایکم، ئەو و شانەی کە کوڕە هەتیوەکە پێی گوتم: 'بۆچی لێمان دەدەیت؟ [بۆچی لێمان دەدەیت]؟ [تۆش هەتیویت وەک ئێمە.]'"*

*٤. گەڕانی زیو بەدوای کوماربی: [سێ هێلەی یەکەم زۆر پەرتەوازەن بۆ وەرگێران.]*

*بەشی ٤.١: [دایکی؟] داردەستەکەی لێ وەرگرت. [.... دایکی] ئاوڕی دایەوە [و] دەستی کرد بە وەڵامدانەوەی [زیو، کوڕەکەی]: "لێم [مەدە]، ئەی زیو! لێم مەدە! ئەو شارەی(؟) [پرسیاری لێدەکەیت] من دەیگێڕمەوە/وەسفی دەکەم بۆ تۆ. [باوکت(؟) کوماربییە]، باوکی شاری ئورکێیس. [ئەو... ]، و لە ئورکێیس نیشتەجێیە. [... ] دادگاییەکانی هەمو وڵاتەکان ئەو [بە ڕەزامەندی] چارەسەر دەکات(؟). براکەت تێشۆپە. ئەو پاشایە لە ئاسمان. و ئەو پاشایە لە زەویدا. خوشکەکەت شاوشکایە، و ئەو شاژنە لە نینەوا. تۆ نابێت [نە] لە هیچ خوداوەندێکی [تر] بترسیت؛ تەنها لە یەک خوداوەند [دەبێت بترسیت. ئەو (واتە کوماربی) وڵاتی/وڵاتەکانی دوژمن هەڵدەخڕێنێت(؟)]، و ئاژەڵە کێوییەکان. لە سەرەوە بۆ خوارەوە [ئەو... ]دەکات. لە خوارەوە بۆ سەرەوە [ئەو... ]دەکات." [زیو] گوێی لە وشەکانی دایکی گرت. بەرەو ئورکێیس ڕۆیشت. گەیشتە ئورکێیس، بەڵام [کوماربی]ی لە ماڵەکەیدا نەدۆزییەوە. ئەو (کوماربی) چوبو بۆ گەڕان بەناو وڵاتەکاندا. ئەو بە سەرەوە(؟) لە چیاکاندا دەسوڕێتەوە. [دەقی ستونی دوەم پچڕاوە.]*

*٥: تاشمیشو و تێشوپ*

*لەم پارچەیەدا گریمانە کراوە کە زیو بوەتە پادشای خوداکان. تاسمیسو، براکەی تێشوپ (کە وەزیری ئەویشە)، وادیارە گاڵتەی پێدەکات بەهۆی ترس و بێمەیلییەوە.*

*بەشی ٥.١: [...] تاسمیسو دەستی کرد بە قسەکردن بۆ تێشوپ: "[ئایا] ناتوانیت [بروسک] بکەیت؟ ئایا [نازانیت] چۆن [...]؟ لەسەر [...] [زیو(؟)] بوەتە پادشا، و [ئێستا] ئەو هەمو خوداوەندەکان بە چیلکە داری فستقی دەهاژوا (بەڕێوەدەبات)".*

*بەشی ٥.٢: تێشوپ [دەستی کرد بە] قسەکردن (وەڵامدانەوە؟) بۆ وەزیرەکەی: "وەرە، با بڕۆین و [...] بخۆین. باوکمان، [کوماربی(؟)]، نەیتوانی [زیو] بشکێنێت. [ئایا ئێمە] دەتوانین ئێستا زیو بشکێنین؟"*

**سێیەم گۆرانی خێدامو The Song of Ḫedammu-**: لەم گۆرانییەدا کوماربی جارێکی دیکە نەیارێکی دیکە بەرزدەکاتەوە بۆ ئەوەی ڕوبەڕوی تێشوپ و هاوپەیمانەکانی بکاتەوە. خێدامو ئەهریمەنێکە کوماربی خۆی باوکیەتی. کوماربی (سێرتاپسوروهی - Sertapsuruhi) کچی خوداوەندی دەریا وەک هاوسەرەکەی دەگرێت. لەلایەن ئەوەوە ئەهریمەنێک بە ناوی خێدامو لە دایک دەبێت. ئەهریمەنەکە مارێکی دەریاییە و ئارەزوی زۆری هەیە بۆ هەمو جۆرە بونەوەرێک. یەکەم کەس لە هاوپەیمانەکانی تێشوپ کە بونی ئەو ئەهریمەنە دەدۆزێتەوە، خوشکەکەیەتی (شاوشکا) شاژنی نەینەوا، لە پارچەی پێنجەمدا هەواڵە ناخۆشەکە دەداتە تێشوپ، ئەمەش وای لێدەکات فرمێسکی بێهیوایی بڕێژێت. وادیارە ململانێیەک بەدوای خۆیدا دەهێنێت کە هەردو لایەن بریندار دەبن و وێرانکاری لەنێو مرۆڤە فانییەکاندا دروست دەکەن (Hoffner, Jr, 1998, 51).

سەبارەت بە فرەچەشنی لە گۆرانی خێدامودا، شیکارییەکی نوێ بۆ نەریتی گێڕانەوەی گۆرانیی خوری-هیتیی خێدامو دەخرێتەڕو، کە دەڵێن دەتوانرێت دو وەشانی جیاوازی هیتی بنیات بنرێتەوە، یەکێکیان تاڕادەیەک چڕکراوە، ئەوی دیکەیان زیاتر پڕوپاگەندە. ئەم جۆرە فرەجۆرییە پشتگیری لە گریمانەکردنی نەریتێکی زارەکی دەکات کە لە پشت بەرهەمهێنانی نوسەری گۆرانی گێڕانەوەی خوری-هیتی لە حاتتوشادایە (Bachvarova, 2018, 1). **دەقی چەند پارچەیەک لە گۆرانی خێدامو:**

***پارچەی ١***

*...[خوداوەندی دەریا؟] بیستی، و مێشکی لە ناویدا خۆشحاڵ بو؟. ئەو [پێی] خستە سەر کورسییەکی بچوک. ڕێتۆنێکیان خستە دەستی خوداوەندی دەریا. خوداوەندی دەریای گەورە دەستی کرد بە وەڵامدانەوەی کومارِبی: "کێشەکەمان چارەسەر بوە، کومارِبی، باوکی خوداوەندەکان. دوای حەوت ڕۆژ وەرە بۆ ماڵەکەم، و [پێت دەدەم] سێرتاپسوروهی، کچەکەم، کە درێژییەکەی [... ] و پانییەکەی یەک میلە. [تۆ دەتوانی؟] سێرتاپسوروهی وەکو کرێمی شیرین [بخۆیتەوە؟]." کاتێک کومارِبی بیستی، [مێشکی] لە ناویدا خۆشحاڵ بو. شەو داهات. [...] خوداوەندی دەریای گەورەیان لە ماڵی کومارِبییەوە دەرهێنا لەگەڵ (مۆسیقای) ئامێرەکانی برۆنزی ئارکاممی و گالگالتوری و هاوڕێیان کرد بۆ ماڵەکەی. (لەوێ) لەسەر کورسییەکی باشی دروستکراو لە [...] دانیشت. خوداوەندی دەریا حەوت ڕۆژ چاوەڕێی کومارِبی بو.*

*پارچەی ٢*

*ئەم پارچەیە باسی ئارەزوی نەبراوی مارەکە (خێدامو - Hedammu) دەکات بۆ خواردنی ژمارەیەکی زۆر لە بونەوەری جیاواز.*

*پارچەی ٦*

*بەشی ١ .٦*

*[ئیا، پاشایی ژیری] لە نێو خوداوەندەکان قسەی کرد: [خوداوەند ئیا] دەستی کرد بە گوتن: "بۆچی ئێوە [کۆی] مرۆڤەکان لە ناودەبەن؟ ئەوان قوربانی بۆ خوداوەندەکان ناکەن. سەدر وەک عەنبەر بۆ ئێوە ناسوتێنن. ئەگەر ئێوە مرۆڤەکان لەناوببەن، ئەوان چیتر خوداوەندەکان ناپەرستن. کەس چیتر نان یان خواردنەوەی پێشکەش ناکات. تەنانەت تێشوپ، پاشای پاڵەوانی کوممیا، خۆی گاسن دەگرێت. تەنانەت شاوشکا و هێبات خۆیان لە بەردەئەستێ بهاڕن.*

*بەشی ٢ .٦*

*[ئیا، پاشایی ژیری] بە کومارِبی گوت: "بۆچی تۆ، ئەی کومارِبی، دەتەوێت زیان بە مرۆڤایەتی بگەیەنیت؟ ئایا مرۆڤەکان کۆمەڵە دانەوێڵە ناهێنن و بەخێرایی پێشکەشی تۆ ناکەن، کومارِبی؟ ئایا ئەو تەنها پێشکەشی تۆی دەکات، کومارِبی، باوکی خوداوەندەکان، بە دڵخۆشییەوە لە ناوەندی پەرستگادا؟ ئایا ئەوان بۆ تێشوپیش، چاودێری کەناڵی مرۆڤایەتی، قوربانی ناکەن؟ ئایا ناوی من، ئیا، وەک پاشا ناهێنن؟ [...] تۆ کومارِبی ژیری خستوەە پشت [...] هەمو [...]. خوێن و فرمێسکی مرۆڤایەتی [...] کومارِبی".[...] ......*
(Hoffner, Jr, 1998, 51 - 52)

**چوارەم گۆرانی ئولیکومی (The Song of Ulikummi):** سەر بە گروپێکی پێکهاتە میتۆلۆژییەکانە، کە تێیدا خوداوەندی خوری کومارِبی ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت. کومارِبی کە پێشتر پادشای ئاسمان بوە. ئەم برگەیەی چیرۆکەکە لە کاتێکدا ڕودەدات، کە تێشوپ کومارِبی باوکی لە پاشایەتی دەرکردوە، پاشای کۆنی بەرەنگاری دەبێتەوە، هەوڵدەدات دوبارە دەسەڵات وەرگرێتەوە بە دروستکردنی دوژمنێک دژ بە تێشوپ. دروستکردنی ئولیکومی کە بەردێکی زەبەلاحە بۆ شەڕکردن لەگەڵ تێشوپ، خواوەندی باران و ڕەشەبا (Güterbock, 1951, 138)، ئولیکومی لە دایکبوی بەردێکی ئەهریمەنیی وەک پاڵەوانی زۆر بەهێز لە دەریادا گەشە دەکات، بەجۆرێک کە ئاو بە کەمەری دەگات، سەری بە ئاسمان دەگات؛ ئەو لەسەر شانی (ئوپیلوری –Upelluri) ڕاوەستاوە، کە وەک ئەتڵەسێک ئاسمان و زەوی هەڵدەگرێت. تێشۆپ لە مەترسی ئاگادار دەکرێتەوە و بە گالیسکەیەک کە گامێشەکان ڕادەکێشێت دەچێتە شەڕ، بەڵام شکست دەخوات و داوای یارمەتی لە (ئیا - Ea) دەکات. ئیا فەرمان بە "خوداوەندە کۆنەکان" دەدات، کە ئامرازی کۆنی جیاکردنەوەی ئاسمان و زەوی دروست بکەن. بەم ئامرازە ئولیکومی لە زەبەلاحەکە جیا دەکاتەوە و بەمشێوەیە هێزی ئولیکومی لەناو دەبات. دوبارە کۆتاییەکە ون دەبێت، بەڵام دڵنیایە کە سەرکەوتنی کۆتایی بۆ تێشوپ بوە (Britannica, 2024). دەقی چەند پارچەیەک لە گۆرانی ئولیکومی:

*١: .... [...](١١)کێ [زیرەکی] دەبات؟ ئەو کومارِبییە، باوکی هەمو خوداکان، کە من گۆرانی بۆ دەڵێم.*

*٢: کومارِبی لە مێشکیدا پلانێکی زیرەکانە دادەڕێژێت. ئەو "ڕۆژێکی خراپ" لە شێوەی پیاوێکی دوژمنکار دروست دەکات و پلانی دوژمنکارانە دژی تێشوپ دادەنێت.*

*٣: کومارِبی بیرۆکەی دانایانە لە مێشکیدا دەخەمڵێنێت و وەکو مرواربیەکان (لەسەر داوێک) ڕێکیان دەخات.*

*٤: کاتێک کوماربی [پلانێکی زیرەکانەی لە مێشکیدا دارشت]، دەستبەجێ لە کورسییەکەی هەستا. گۆچانێک گرتە دەستی؛ [لە پێیەکانی] وەکو [پێڵاوی] باڵدار بای خستە پێ. لە شاری ئورکیشەوە بەرێکەوت وگەیشتە کانیاوی سارد.*

*٥: لە کانیاوی ساردا بەردێکی گەورە هەیە: درێژییەکەی سێ میلە و پانییەکەی [... ] میل و نیوێکە. مێشکی بەرەو پێش بازی دا بۆ سەر ئەوەی کە لە ژێریدایە [... ]، و لەگەڵ بەردەکەدا نوست......* (Hoffner, Jr, 1998, 56 - 57)

**پێنجەم گۆرانی ئازادکردن - The Song of Release:** ئەو گۆرانیە باس لە ئازادکردنی کۆیلەکان دەکات، ناوەڕۆکی دەقەکە ئاڵۆز و فرە ڕەهەندە، کە تیایدا چیرۆکی میتۆلۆژی پەند و وتەی داناییە، گێرانەوەی مێژویی تێدایە. ڕوناکی دەخاتە سەر سیستەمی کۆیلایەتی و ئازادکردن لە ڕۆژهەڵاتی کۆندا. کارەکتەرە سەرەکییەکانی (تێشوپ، ئەلانی و شاوشکا)یە، ناوچەی چیرۆکەکە (شاری ئیبلا)یە. گۆرانی ئازادکردن دەقێکی مێژویی کۆنە کە لە سەردەمی حیتی ناوەڕاست (نزیکەی ١٥٠٠-١٤٠٠ پ.ز) لە حاتوشا پایتەختی حیتیەکان دۆزراوەتەوە. ئەم دەقە لە زمانی خوری وەرگێڕدراوە بۆ حیتی. بە دوزمانە ( خوری و حیتی) نوسراوە. بە شێوەیەکی دەقی خوری لە ستونی چەپدا، وەرگێڕانی حیتی لە ستونی ڕاستدایە (Hoffner, Jr, 1998, 65 - 66).

## ٣.٣ گرنگی ئەفسانەکانی پانتیۆنی خوری

**یەکەم گرنگی ئەفسانەکان لەسەر ناساند و پێگەی خوداوەندەکان:** ئەفسانەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە، لە ناساندنی پێگە، دەسەڵات و تایبەتمەندی بەشێکی گرنگ لە خوداوەندەکانی پانتیۆنی خورییەکان، بە تایبەتی کوماربی، تێشوپ، و شاوشکا..هتد. هاروەها دابەشبونی خوداوەندەکان و ڕۆڵی خوداوەندە پێشوەکان. کاتێک ململانێی نێوان کوماربی و تێشوپ سەرهەڵدەدات، خوداوەندەکان دابەشی سەر ئەو دو بەرەیە دژ بەیەک دەبن.

**دوەم گرنگی ئەفسانەکان لەلایەنی کلتوری:** ئەم ئەفسانانە تەنها چیرۆکی خەیاڵی نین، بەڵکو ڕەنگدانەوەی بیرۆکە و باوەڕەکانی خەڵکی کۆنن لەسەر جیهان و خوداوەندەکان. ئەوانە نیشانەکانی شێوازی ژیان و بیرکردنەوەی شارستانیەتی کۆنن. بە کورتی، سوڕی کوماربی یەکێکە لە گرنگترین بەشەکانی ئەدەبیاتی کۆن، کە باسی شەڕ و پێکدادانی نێوان خوداوەندەکان دەکات. کاتێک باسی پەیوەندی نێوان ئەم خوداوەندانە دەکرێت، پێویستە لە بیرمان بێت کە ئەم چیرۆکانە چەندین لایەنی واتایی و سیمبۆلیکیان هەیە:

**ململانێی کۆزمۆلۆژی:** جیهانی ژێرەوە (کوماربی) دژی جیهانی سەرەوە ئاسمان (تێشوپ) کە نوێنەرایەتی هێزە جیاوازەکانی سروشت دەکەن.

**گۆڕانی دەسەڵات:** چۆن خوداوەندەکان یەکتر لە تەخت دەردەکەن، کە ڕەنگە ڕەنگدانەوەی ئەزمونی مێژویی گۆڕانی دەسەڵات لە کۆمەڵگای خورییەکان بێت.

**پەیوەندی نێوان نەوەکان:** شەڕ و ململانێی نێوان باوک و کوڕ، بابەتێکی (یان - تێمایەکی - theme) بەرچاوە کە لە زۆر میتۆلۆژیای دونیادا دەبینرێت (Hoffner, Jr, 1998, 40 - 42).

**سێیەم گرنگی ئەفسانەکان لە تێگەیشتن لە زمانی خوری:** دەقی ئەفسانەکان بەشی زۆری بە زمانی خوری نورسراون، بۆیە ئەفسانەکان لایەنێکی گرنگن لە ناساندنی زمانی خوریی، لە ڕێگەی ئەفسانەکانەوە توێژەران توانیویانە لێکۆڵینەوە لەسەر لایەنە ئاڵوز و شاراوەکانی زمانی خوریی بکەن، زانیاری باش لە بارەیەوە دەربخەن.

## دەرئەنجامی توێژینەوە:

١. لە ڕێگەی شیکردنەوەی بیروباوەڕی ئاینی و پانتیۆنی خورییەکان، دەروازەیەکی گرنگ لە تێگەیشتن و ناساندنی شێوازی پانتیۆن و سیستەمی پۆلیتیزم و کایگەری ئەفسانەکان و ڕێگەکانی سینکریتزم لە شارستانیەتی خورییەکان دەکرێتەوە.

خورریەکان کە لە سنورەکی بەرفراوان نیشتەجێ بون، کاریگەریی ئاینیان و جێپەنجەی بیروباوەڕەیان بەسەر پانتیۆنی حیتی و لوفی و حەلەب و ئۆگاریت و ئۆرارتۆ جێهێشتوە.

٢. ئەنجامی لێکۆلینەوەکە ڕاستییەی ڕون دەکاتەوە، پانتیۆنی خورریەکان لە سەرەتای سەرهەڵدان و دەرکەوتنیان پانتیۆنەکەیان نزیک لە (پانتیۆنەکی شاراوە - Implicit Pantheon) یاخود (پرۆتۆ-پانتیۆن - protopantheon) بوە. بەڵام دواتر لە لایەک بە هۆی فراوان بونی هەژمونی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتوریان، لەلایەکی دیکە بەهۆی هەوڵی کاهین (پیاوانی ئاینی) پانتیۆنەکەیان گەشە دەکر د بۆ (پانتیۆنی ئاشکرا - explicit pantheons) بەتایبەتی لە هەزارەی دوەمی پێش زاینی. کاهینە خورریەکان دەقە ئاینیەکانی میسۆپۆتامیایان دەنوسییەوە و بە یەکخستنی خوداوەندە خوری و میسۆپۆتامیان دەوڵەمەند دەکرد.

٣. پانتیۆنی خورریەکان لە دەیان نێرخوداوەند و مێخوداوەند پێکهاتوە. لە وردبونەوە لە ڕۆڵ، پێگە و تایبەتمەندیان دەکرێت دابەشی چەند گروپێک بکرێت، وەک لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکە بە وردی پۆلێنی گروپی خوداوەندەکان ڕون کراوەتەوە. خوداوەندەکان بەپێی پێگە و تایبەتمەندیان ڕۆڵیان گێڕاوە، چەند خوداوەندێک وەک (تێشوپ، کوماربی، شاوشکا و خێبات) ڕۆڵی باڵایان لە نێو پانتیۆنی خوری هەبوە.

٤. ئەفسانەکان سەرچاوەیەکی هەرە گرنگە لە ڕون کردنەوەی پانتیۆنی خورریەکان. لە ڕێگەی خوێندنەوەی دەقە ئەفسانەییەکان لایەنێکی گرنگ لە سەر چوارچێوەی پانتیۆنەکە دەکاتەوە، بەتایبەتی (خولی کوماربی - Kumarbi Cycle) کە لە چەند گۆرانیەک پێکهاتوە کە تێدا ململانێی دەسەڵات و گروپ و ڕۆڵ و تایبەتمەندی خوداوەندەکان دەردەخات. خولی کوماربی بنەماکی سەرەکییە بۆ ناساندنی گروپبەندی خوداوەندەکان دابەشبونیان لە نێوان دو لایەنی ململانێیەکە، هەروەها دەرخستنی ململانێی کۆزمۆلۆژی جیهانی ژێرەوە (کوماربی) دژی جیهانی سەرەوە ئاسمان (تێشوپ) کە نوێنەرایەتی هێزە جیاوازەکانی سروشت دەکەن. لەلایەکی دیکە گۆڕانی دەسەڵات، چۆن خوداوەندەکان یەکتر لە تەخت دەردەکەن، کوڕ باوک لە دەسەڵات دوردەخاتەوە، کە ڕەنگە ڕەنگدانەوەی ئەزمونی مێژویی گۆڕانی دەسەڵات لە کۆمەڵگای خورریەکان بێت.

٥. سینکریتیزم لە پانتیۆنی خورریەکان بە ئاراستەی (وەرگرتن و لێبردن) ڕویداوە، خورریەکان بە هۆی بەرفراوانی جوگرافیای نیشتەجێبونیان بەر پانیۆنی جیاواز کەوتون، ئاساییە سنکریتیزم لە پانتیۆنەکەیان ڕوبدات، تێبینی ئەوە دەکرێت کە هەندێک لە دراوسێکانی خوداوەندە خورریەکانیان وەرگرتوە و تێکەڵی پانتیۆنی خۆیان کردون وەک حیتییەکان، بەپێچەوانەش ڕویداوە هەندێجار خورریەکان خوداوەندەکانی کولتورە دراوسێکانی وەک سۆمەری-ئەکەدی یا ئامورییەکانیان هاوتا کردوە.

٦. گرنگی ئەفسانەکان لە تێگەیشتن لە زمانی خوری، دەقی ئەفسانەکان بەشی زۆری بە زمانی خوری نورسراون، بۆیە ئەفسانەکان لایەنێکی گرنگن لە ناساندنی زمانی خوریی، لە ڕێگەی ئەفسانەکانەوە توێژەران توانیویانە لێکۆڵینەوە لەسەر لایەنە ئاڵوزەکانی زمانی خوری بکەن، زانیاری باش لە بارەیەوە پێشبخەن.

## لیستی سەرچاوەکان:

Frayne, D. (1990). Old Babylonian Period (2003-1595 BC), RIME 4. University of Toronto Press.

Frayne, D. (1997). Ur III Period (2112-2004 BC). University of Toronto Press. doi.org/10.3138/9781442657069.

Green, A.R.W. (2003). The Storm-God in The Ancient Near East. Eisenbrauns, Winona Lake, Indiana.

Haas, V. (1994). Geschichte der hethitischen Religion. Handbuch der Orientalistik, Erste Abteilung, Der Nahe und Mittlere Osten, Band 15. Leiden: Brill.

Jeffers, J. and Novotny, J. (2014) Complete Names Indices of the Royal Inscriptions of Mesopotamia, Early Periods Volumes 1-4. The Royal Inscriptions of the Neo-Assyrian Period Online Supplements 3.

Laroche, E. (1980). Glossaire de la Langue Hourrite. Paris: Éditions Klincksieck.

Lincoln, B. (2012). Gods and Demons, Priests and Scholars: Critical Explorations in the History of Religions. University of Chicago Press.

Pongratz-Leisten, B. (2015). Religion and Ideology in Assyria. Studies in Ancient Near Eastern Records, Volume 6.

Van der Toorn, K., Becking, B. and van der Horst, P.W. (eds.) (1999). Dictionary of Deities and Demons in the Bible (DDD). 2nd extensively revised ed. Leiden: Brill; Grand Rapids: William B. Eerdmans Publishing Company.

Wilhelm, G. (1989). The Hurrians. Translated by D.L. Stein. Wiltshire.

ئەحمەد، کۆزاد محەمەد. (٢٠٠٧). *کوردستانی ناوەڕاست لە نیوەی یەکەمی هەزارەی دوەمی پ. ز دا* .بنکەی ژین، سلێمانی.

مارف، سەلام. (٢٠١٦). *نامۆبونی ئاینی لەبارەی پارادۆکسی بون و بیرکردنەوە* .چاپی یەکەم. چاپخانەی تاران.

Ahmed, Kozad Mohamed. (2012). The beginnings of ancient Kurdistan (c. 2500-1500 BC): a historical and cultural synthesis. (Thesis) Leiden University.

Al-Fouadi, Abdul-Hadi. (1978). Inscriptions and Reliefs from Bitwata, Sumer, XXXIV (1-2).

Ayali-Darshan, N. (2014). The Role of Aštabi in the Song of Ullikummi and the Eastern Mediterranean Failed God Stories, Journal of Near Eastern Studies, 73(1). https://doi.org/10.1086/675068.

Archi, Alfonso. (2013). The West Hurrian Pantheon and Its Background, in Beyond Hatti: A Tribute to Gary Beckman. Lockwood Press.

Bachvarova, M.R. (2018). Multiformity in the Song of Ḫedammu, *Altorientalische Forschungen*, 45(1).

Bamunusinghe, S. (2019). Polytheism in Ancient World Religions: Egyptian, Babylonian, Greek and Roman Religions', The Faculty Journal of Humanities and Social Sciences (FJHSS), University of Ruhuna, Sri Lanka.

Beckman, G. (2004). Pantheon. Bei den Hethitern', Reallexikon der Assyriologie und Vorderasiatischen Archäologie, Pabilsaĝ(a) – Panzer.

Bernhard, R., Grindel, S., Hinz, F. and Meyer-Hamme, J. (2019). Historical Myth: A Definition from the Perspective of History Education Research', Eckert. Dossiers, 4.

Blasweiler, J. (2015). The Great King Zuzu of Alahzina, the Goddess Allani, and the Stormgods of Kussara and Alalaḫ, in Anatolia in the Bronze Age, Part IV of The Royal Clan of Kanesh and the Power of the Cult. Arnhem, NL: Leiden University.

Buccellati, G. (2013). When Were the Hurrians Hurrian? The Persistence of Ethnicity in Urkesh, in J. Aruz et al. (eds.) Cultures in Contact. From Mesopotamia to the Mediterranean in the Second Millennium B.C. New York.

Buccellati, G. and Kelly-Buccellati, M. (2001). In Search of Hurrian Urkesh: City of Myth, Odyssey.

Buccellati, G. and Kelly-Buccellati, M. (2007). Urkesh and the Question of the Hurrian Homeland, Archaeology. Presented by Academy Member Th.V. Gamkrelidze. Los Angeles, CA: Cotsen Institute of Archaeology, UCLA.

Frayne, D. (2011). Simurrum, Reallexikon der Assyriologie.

Fries, A. (2021). The Mountain in Labour: A Possible Graeco-Anatolian Myth, Greek, Roman, and Byzantine Studies, 61.

Frühwirt, T. (2024). Gods and rulers in Neo-Hittite Tabal. Barcino. Monographica Orientalia 25 – Series Anatolica et Indogermanica 5.

Güterbock, H.G. (1951). The Song of Ullikummi Revised Text of the Hittite Version of a Hurrian Myth, Journal of Cuneiform Studies, 5(4).
Hallo, W.W. (1978). Simurrum and the Hurrian Frontier, Revue hittite et asianique, 36.
Hammadioğlu, L. (2023). Nisaba, the Mesopotamian Goddess, Academic International Journal of Social Sciences and Humanities, 1(1).
Head, M.J., Zalasiewicz, J.A., Waters, C.N., et al. (2023). The Anthropocene is a prospective epoch/series, not a geological event, Episodes, 46(2). https://doi.org/10.18814/epiiugs/2022/022025.
Hoffner Jr., H.A. (1998). Hittite Myths. Edited by G.M. Beckman. 2nd ed. Writings from the Ancient World, no. 2. Atlanta: Society of Biblical Literature.
James, P. and van der Sluijs, M.A. (2012). ''Silver': A Hurrian Phaethon', Journal of Ancient Near Eastern Religions, 12(2).
Laroche, E. (1948). Teššub, Ḫebat et leur cour, *Journal of Cuneiform Studies*, 2(2). Published by: The American Schools of Oriental Research Stable.
Laroche, E. (1976). Panthéon national et panthéons locaux chez les Hourrites, *Orientalia*, NOVA SERIES, 45. JSTOR.
Pryke, L. (2016). Religion and Humanity in Mesopotamian Myth and Epic, Oxford Research Encyclopedias: Religion. Oxford University Press.
Saraieva, O.V. (2023). Historical Myth: Definition, Formation, Transformation (Theoretical Aspect), Actual Issues of Modern Science. European Scientific e-Journal, 26.
Shaffer, A. and Wasserman, N. (2003). Iddi(n)-Sıˆn, King of Simurrum: A New Rock-Relief Inscription and a Reverential Seal, Zeitschrift für Assyriologie und Vorderasiatische Archäologie, 93.
Simon, Z. (2020) 'On some Central Anatolian Neo-Hittite ruler names with Šarruma', NABU, 3 (September).
Speiser, E.A. (1942). An Intrusive Hurro-Hittite Myth, Journal of the American Oriental Society, 62(2) (June).
Tugendhaft, A. (2016). Gods on clay: Ancient Near Eastern scholarly practices and the history of religions, Canonical Texts and Scholarly Practices: A Global Comparative Approach, 3.
Wilhelm, G. (2015). Urim-Girizal – Urkes', Reallexikon der Assyriologie und Vorderasiatischen Archäologie. Band 14, 5/6. Lieferung: 'Uqair, Tall al– – Üt(a)-napiṣti(m). Berlin: De Gruyter.
Zangger, E. and Gautschy, R. (2020). The Hittite Rock Sanctuary of Yazılıkaya: A Time-Keeping Device from c. 1230 B.C.', Harmony and Symmetry SEAC Publications, 1.
Khalaf, R. (2021). The influence of the Hurrian religion in Urkesh (Tell Mozan) on the belief of societies from the ancient Near East during the Bronze Age, Historical kan Periodical, Vol. (14), Issue (٥٤).
Kaynar, F. (2019). Kizzuwatnean Rituals Under the Influence of The Luwian and Hurrian Cultures, OLBA XXVII.
Sharlach, T. (2002). Foreign Influences on the Religion of the Ur III Court, in Studies on the Civilization and Culture of Nuzi and the Hurrians, vol. 12 (Bethesda, MD: CDL Press.
Beckman, G. (2016). Shawushka, The Encyclopedia of Ancient History. DOI: 10.1002/9781444338386.wbeah30206.
Ellwood, R.S. (2007). The Encyclopedia of World Religions. DWJ BOOKS LLC.
Tremouille, M.C. (2018). Teshub, in R.S. Bagnall, K. Brodersen, C.B. Champion, A. Erskine and D. Hollander (eds.) The Encyclopedia of Ancient History. Ltd.

Britannica (2024). Song of Ullikummi, Anatolian mythology. Available at: https://www.britannica.com/topic/Song-of-Ullikummi.
Buccellati, G. (2024). Royal inscriptions (Atal-šen and Tiš-atal), Last updated 21 June 2024. Available at: https://urkesh.org/pages/571.htm#A.
Encyclopaedia Britannica (2024). Religious Beliefs polytheism, Article History. Last Updated: Nov 15, 2024. Available at: https://www.britannica.com/topic/polytheism/Types-of-polytheism.

Encyclopaedia Britannica (2025). Hurrian. Last modified February 22, 2025. Available at: https://www.britannica.com/topic/Hurrian.

AO 19938. Louvre tablet and AO 19937, (Louvre lion).

Collins, B.J. (2004). A Channel to the Underworld in Syria, Near Eastern Archaeology (NEA), 67(1) (March).

عوسمان, ئەردەلان. (٢٠٠٨). سێ بەردە نوسراوەکەی بێتواتە ,*گۆڤاری سوبارتۆ* ,ژمارە (٢).

خەلیل، ماجد. (٢٠١٦). مێژوی ئاینی مەسیح لە ئێراندا ,*گۆڤاری جۆرناڵ* ,ژمارە ٧.

## پەراوێزەکان:

١. ئورکێش لە (٢٥٠٠ پ.ز) شارێکی گەورە بوە، ڕوبەرەکەی نزیکەی (٣٠٠ دۆنم) بوە، یەکێک لە گەورەترین شارەکانی سوریای ئەو سەردەمە بوە، گەورەتر لە شاری (ئیبلا – Ebla) کە ناوەندێکی ناسراوی سوری-میسۆپۆتامیا بوە. (Buccellati & Kelly-Buccellati, 2001, 23-24)

٢. خاکی کیزواتنا، کە ناوچەیەک بە نزیکەیی هاوتایە لەگەڵ ناوچەی (چوکرۆڤای مۆدێرن لە تورکیا) کە لە ڕوی کولتورییەوە هەمەچەشن بوە، چونکە لە ڕوی جوگرافییەوە لە یەکگرتنی ئەنادۆڵ و سوریادایە. بەگشتی ناوچەکە بە دانیشتوانی خوری و لوی لە سەردەمی کۆتایی سەردەمی برۆنزیدا دادەنرێت(Kaynar, 2019, 98).

٣. لە هەزارەی سێیەمەوە تا هەزارەی دوەمی پێش زایین، واتە لە سەردەمی ئەکەدییەوە تا سەردەمی بابلی کۆن، سەرچاوە نوسراوەکان یان ئاماژەیان بە خوداوەندی ڕەشەبای دیاریکراو بە ناو کردوە یان هێمای سومەری (DM) یان وەک ناونانێکی گشتگیر بۆ خوداوەندێکی دیاریکراو بەکارهێناوە. دوای ئێنلیل، یەکەم خوداوەندەکانی ڕەشەبا کە بە ناو ئاماژەیان پێکراوە کوڕەکانی بون: "نینورتا/نینگیرسو و ئیشکور" لە ئەدەبیاتی هەزارەی سێیەمی پێش زایین، لە سەردەمی ئەکەدی و ئوری سێیەمدا، کوڕی ئێنلیل، ئیشکور، لەگەڵ خودایەکی تری ڕەشەبا، ئەداد، وەک یەک کەسایەتی میتۆلۆژی یەکیان گرتوە. ئیشکور سەرەتا وەک خوداوەندێکی بنەڕەتی سودبەخش ناسێنرا، پاسەوانی ئاوی ئاسمان و زەوی لە ژینگەی ئیکۆلۆژی میسۆپۆتامیای باشور. هێزە بنەڕەتییەکانی پیتاندنی لە ئاوی لافاوە ئاشتیخوازەکاندا بەرچاو بون، کە بەدوای هەورە تریشقەکاندا دەهاتن. دواتر ئیشکور بو بە هەورەتریشقەی گوڕاو و ڕەشەبا وێرانکەرەکان .بڕوانە: (Green, 2003, 183)

٤. لۆگۆگرافی شێوازێکی نوسینن کە لە نیشانە یان وێنەکان بۆ نوێنەرایەتیکردن وشەکان یان بیرۆکەکان بەکارهێنراوە. وەک لە شوێنی نوسینی فۆنەتیکی (دەنگی) ناوی (تێشوپ) زۆر جار هێمای ($^d$IŠKUR) بەکارهاتوە، پیتی ($^d$) لە سەرەتای ناوەکە، نیشانەی "خوداوەند" بو لە نوسینی مێخیدا، ناوی (IŠKUR) سەرەتا ناوی خوداوەندی کەش و هەوای سومەری بو.

٥. سومەرۆگرام بریتییە لە بەکارهێنانی نوسراوێکی زمانی سومەری یان گروپێک نوسراو لە سیستەمی میخی وەک (ئایدیۆگرام یان لۆگۆگرام) لەبری ئەوەی بەشێک بێت لە نوسینی زمانێکی تر وەک ئەکەدی، خوری یان هیتی . ئەم جۆرە لۆگۆگرامانە بە شێوەیەکی جیاواز لە هەمو سیستەمە میخییەکانی میسۆپۆتامیا بەکارهاتون بۆ نوسینی زمانەکانی تر جگە لە سومەری. بەکارهێنانیان بە پێی سەردەم، شێواز، و جۆری نوسین جیاواز بوە.

٦. نەک تەنها بەهۆی ئەو زانیارییە مێژوییە دەوڵەمەندانەی کە پێشکەشی دەکات بەڵکو بەهۆی لیستی درێژی ناوە جوگرافیەکانەوە، هەرچەندە تارادەیەکی زۆر پارچە پارچەن. نوسراوێکی نوێیە، پێشتر بڵاونەکراوەتەوە. نوسراوەکە (شێوەی a-b٧؛ a-d٨) بە دو ستونی لەسەر تەختەیەکی بەردی لیمۆی ڕەنگی خۆڵەمێشی سوک نوسراوە. قەبارەی تەختەکە ٧٦ x ٣٧x ٢٧ سم. بەو پێیەی هیچ فۆرمولەی نەفرەت لەسەر نوسراوەکە نەدۆزراوەتەوە، پێشنیار دەکرێت کە نوسراوەکە لە بنەڕەتدا لە دو تەختە یان زیاتر پێکهاتوە کە دەقێکی درێژتریان لەسەر بوە، لەگەڵ فۆرمولەی نەفرەت کە لەسەر تەختەی دوەم نوسراوە. نوسراوەکە لەلایەن جوتیارێکەوە دۆزراوەتەوە، نزیکە لە دارێکی گەورەی تو لە کێڵگەیەکی کاک ڕەئوف کە کەمێک دەکەوێتە باشوری گوندی قەرەچەتان، لە دامێنی پیرە مەگرون، باکوری ڕۆژئاوای سلێمانی. (Ahmed, 2012, 255)

٧. هەندێک لە توێژەران نێرخوداوەند "نیشبا - Nišba"یان لەگەڵ مێخوداوەند (نیسابا - Nisaba)ی دانەوێڵەی سۆمەریەکان تێکەڵ کردوە، وەک لە توێژینەوە تازەکانیش د. لەیس هەمان بابەتی دوبارە کردۆتەوە. (Hammadioğlu, 2023, 31)

٨. لە سێ بەردە نوسراوەکەی بێتواتە، کە ناوەڕۆکی تێکستەکان باس لە هێرشی پاشای وڵاتی (سیموروم) دەکات، کە بەسەرپەرشتی (زابازونای کوڕی ئیدیسن)ی بۆ سەر شاری کولوننوم، تێکستی یەکەم لە (٦٦ دێر) پێکهاتوە. کە تیایدا ئاماژە بەناوی چەند خوداوەندێک دەکات. (عوسمان، ٢٠٠٨، ١٥)

٩. پیرۆزگای بەردینی یازیلیکایا لە ناوەڕاستی ئەنادۆل لەلایەن هیتییەکانەوە دروست کراوە، زیاتر لە (٩٠ پەیکەری بەردینی) خوداوەند، مرۆڤ، ئاژەڵ و پەیکەرە ئەفسانەییەکانی تێدایە. دروستکردنەکەی بۆ نیوەی دوەمی سەدەی (١٣ی پ.ز) دەگەڕێتەوە. بۆچونێک هەیە کە پەیکەرەکانی ژوری A بە شێوەی گروپ ڕێکخراون بۆ پشکنینی کات و مانگەکانی ساڵ. ئەم ڕێکخستنە یارمەتی پیاوانی ئاینی دەدات بۆ بە دواداچون و دڵنیابون لەوەی کە فێستیڤاڵە ساڵانەییە زۆرەکان دەکەونە وەرزە گونجاوەکانەوە. (Zangger & Gautschy, 2020, 1)

١٠. واتا وەسفکردنی شتێک یان دروستکراوێک کە سیفەتی مرۆڤی پێدراوە، ئاماژە بە چواندنی تایبەتمەندی مرۆڤانە بە شتێک وەک ئەوەی خوداوەندەکان هاوشێوەی مرۆڤ وێنا کراون.

١١. بەشی یەکەمی دەستپێکی چیرۆکەکە لە هەمو کۆپییەکاندا شکاوە.